لەمەڕ مانگرتن.. وەلادیمێر ئیلیچ لێنین.. وەرگێڕان: هیوا ئەمانی

لە هەنگاوی یەکەم دا دەبێ هووکردنەوەیەک بە هوودان و پڕسەندنی مانگرتنەکان بدەزینەوە. هەرکەسێک کە مانگرتنکی وەبیر بێتەوە کە ئەزمونی کەسیی خۆی، ڕاپۆرتی کەسانی تر و یان هەژنامەکان بێت، لەپێ سەرنجی بە ئەوە دادەکشرێت کە مانگرتنەکان لەو شوێنانەدا هووددەن و پڕەدەستێنن کە کارخانەی گەورەی لە دروست کراون و لە هووی هەژیەوە هوو لە زیاد بوونن. زۆر بە کەمی دەتوانین کارخانەیەکی گەورە -سەدان و بگرە هەزاران کرێکاری هەبە- بدەزینەوە کە مانگرتنکی بە خۆوە نەدیبێ. ئەو کاتەی کە لە هووسیا تەنیا چەندانە کارخانەی گەورە بوونیان هەبوو، ژمارەی مانگرتنەکانیش کەم بوو؛ بەڵام کاتێک کارخانە گەورەکان –چ لە ناوچە پیشەسازیە کۆنەکان، چ لە شارەکان و دەهاتە تازە بنیاتنراوەکان– بە خێرایی گەشەیان کرد، ژمارەی مانگرتنەکانیش هوو لە زیاد بوون چوون. بەڵام بۆچی مانگرتن هەمیشە لەو کارخانانەدا هووددا کە بەرهەمی زۆریان هەیە؟ هۆکارێکی ئەوەیە کە سەرمایەداری دەبە بە ناچاری ببە بە خەباتی کرێکاران بە دژی خاوەنکارێکانیان و کاتێک بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی یەکجار زۆر، ئەو خەباتە خۆی لە مانگرتن دا دەنوێنێ.

یارمەتیم بدەن کە ئەوە شی بکەمەوە

کاپیتالیزم، ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەیە کە تیایدا زۆری، کارخانەکان، ئامێرەکان و هەتا دوای... لە ژێر هۆکفی کۆمەڵێک خاوەن زۆری و سەرمایەداردان کە ژمارەیان هێندەی ژمارەی پێنجەکانی دەستە، ئەمە لە کاتێک دایە کە کۆمەڵی بەرینی خەڵک خاوەنی هیچ شتێك نین یان خاوەنی شتێکی زۆر بچوکن، هەر بۆیە پێ ملە کە خۆی وەکوو کرێکارێک بە کرێ بدا. خاوەن زۆری و سەرمایەدارەکان، کرێکاران بە کرێ دەگرن و وایان لێدەکەن کە فەانە شتومەک بە مەبەستی فرۆش لە بازاردا بەرهەم بهێنن. وەهەروەها، خاوەنکار تەنها هەر ئەوەندە حەقدەست بە کرێکار دەدات کە بڕی ژیانی نەمرنۆژی خۆی و بنەماڵەکەی بە، لەولاوە ئەوەی لە کرێی کاری کرێکار دەمێنێتەوە وەک قازانج دەچێتە گیرفانی خاوەنکارەوە. هەر بۆیە لە ئابووری سەرمایەداری دا کۆمەڵی بەرینی خەڵک، کرێکاری بەکرێگیراون

و بە خەیان کار ناکەن بەڵکو لە بەرامبەر حەقدەستێک دا کار بە خاوەنکار دەکەن. دەکرێ تێبگەین کە هەوڵی هەمیشەی خاوەنکار لە پێناو کەم کردنەوەی کرێی کاری کرێکارانە؛ هەرچی کەمتر کرێی کار بدەن، بەو هادیە قازانجی خەیان زیاتر و زیاتر دەبێ. لەملاوە هەوڵی کرێکار بۆ ئەوەیە کە کرێیەکی زیاتر وەربگرێ تاکوو بتوانێ بە بنەماڵەکەی خەراکێک بۆ هادیەکی پەویست و باش وەدەست بهێنێ، لە ماڵی باش دا بژین و هەروەک خەڵکی تر جل و بەرگی جوان لەبەر بکەن، نەک وەکوو سواڵکەر بژین.
هەر بەیە خەباتێکی بەردەوام لە نێوان کرێکار و خاوەنکار لەسەر کرێی کار لە ئارادایە؛ خاوەنکار ئازادە کە کام کرێکارێ کە پێ باشە بە کرێی بگرێ، هەر بەیە دەچێتە سەراغی هەرزانترینیان. وە هەروەها کرێکاریش ئازادە کە خۆی بە خاوەنکارێک کە خۆی پێ باشە بە کرێ بدا، هەر بەیە دەچێتە سەراغی خاوەنکارێک کە زەرترین کرێی کار دەدا. بە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە کرێکار لە شار کار دەکا یان لە دەهات، خۆی بە خاوەنی زەوی، جوتیاری دەوڵەمەند و یان خاوەن کارخانە بە کرێ دەدا، ئەولای مامەڵەکەی خاوەنکارێ، و هەر لەگەڵ ئەویشدایە کە لەسەر کرێی کار شەڕ دەکا.
بەڵام ئایا بەڵاستی بە کرێکارێک وەک تاک توانای بەرەوپێش بردنی ئەو خەباتە مەیسەرە؟ ژمارەی کرێکارکان هێوو لە زیاد بوونە: جوتیارەکان ماڵ و حاڵیان وێران دەبێ و لە دەهاتەکانەوە هەڵدێن بۆ شارەکان و کارخانەکان. خاوەن زەوی و کارخانەدارەکان خەریکی بەکار هێنانی ئامێرگەلێکن کە کار لە کرێکار دەدزێ. لە شارەکاندا بێکاری هێوو لە زیادبوونە و لە لادێکانیش ژمارەی سواڵکەرەکان بەرەو زیاد بوون دەچێ. خەبات لە دژی خاوەنکار بە کرێکار وەک تاک وردە وردە خەریکە ئەستەم دەبێ. کرێکارێک کە داوای حەقدەستێکی مامناوەند لە خاوەن کار دەکا یان بۆ حەقدەستی هەرزان هازی نابێ، هێووبڕووی ئەو جوابەی خاوەنکار دەبێتەوە: "بڕۆ دەرەوە! خەڵکانێکی زۆری برسی لە دەرەوە چاوەڕێن و گەلێک کێف خۆش دەبن کە بۆ حەقدەستێکی کەمتر کار بکەن".

کاتێک کە هەلومەرجی خەڵک تا ئەو هادیە خراپ دەبێ کە هەمیشە خەڵکانێکی زۆری بێکار لە شار و دێ بوونیان هەبێ، و کاتێک کارخانەدارەکان سامانێکی لە هادەبەدەر پێکەوە دەنێن و زۆیدارە وردەکان لەلایەن ملیۆنێرەکانەوە سەریان پان دەکرێتەوە، کرێکاری تاک –لە بەرامبەر سەرمایەدارداـ بە تەواوی بۆ دەستەبات دەمێنێتەوە. لەو کاتەدایە کە دەرفەت بۆ سەرمایەدار دەخوڵقێ تاکوو کرێکار تێکبشکێنێ، و هەتاکوو مردن –نەک تەنیا لەخۆی بەڵکوو لە ژن

و منداڵەکانیشی- وەکوو کێبڵە کار بکەشتەوە. بۆ نمونە، ئەگەر چاوەک لەو کارانە بکەین کە تیایدا کرێکار نێتوانێ پشتیوانی یاسا بۆ خۆی مسۆگەر بکا و توانایی وەستانەوە لە بەرامبەر بە سەرمایەداری نەبێ، شایەتی سەعات کارکی لە زۆربەدەرین (تەنانەت ١٧ تا ١٩ سەعات لە ڕۆژ دا)، کاری تاقەت پڕوکێنی منداڵانی ٥ یان ٦ ساڵە، و وەچەیەک لە کرێکارانی هەمیشە برسی دەبینین کە زۆر بە هەواشی لە برسان خۆریکن دەمرن. نمونەکەی کرێکار گەلێکن کە لە ماڵی خێیاندا کار بۆ سەرمایەدارەکان دەکەن؛ هەموو کرێکارێک دەتوانێ نمونەی گەلێکی لەو چەشنە وەبیر خۆی بهێنێتەوە.

ئەو ڕادەیە لە چەوسانەوە کە لە سەرمایەداریدا ڕووەدا تەنانەت لە سەردەمی کێبڵەداری و دەرەبەگایەتی دا لەهەمبەر کرێکاراندا ڕووی نەداوە. بۆ تایبەت کە کرێکاران توانای بەرەنگاریان نەبێ، و لە پشتیوانی یاساگەلێک کە ملهەڕیکانی خاوەنکار بەرتەسک بکاتەوە، بەهرەمەند نەبن. کەواتە بۆ ئەوەی کە نەگەن بەو ئاستە لە زەلیلی، کرێکاران خەباتێکی بۆ هیوا دەست پێدەکەن. و کاتێک بیان دەردەکەوێ کە بۆ تەنیایی چەندە بۆ دەسکەات و بۆ هەزن و ستەمی سەرمایە، هەڕەشەی لەناو بردنیان لە دەکا، دەست دەکەن بە ئاپۆڕینی بۆ کەمەڵە لە دژی خاوەنکار و مانگرتنە کرێکاریکان دەست پێدەکا.
لە سەرەتادا کرێکاران نازانن کە بەدوای چیەوەن، وشیار نین لەهەمبەر هەکارەکەی؛ لەبەرئەوە دەست دەکەن بە شکاندنی ماشێنەکان و تێکدانی کارخانەکان. ئەوان تەنیا دەیانهەوێ کە تووڕەیی خێیان نیشانی کارخانەدار بدەن. هەزی کەمەڵیان بۆ ڕزگاری لەم هەلومەرجە تاقەت پڕوکێنە تاقی دەکەنەوە، بۆ بۆ ئەوەی کە هەشتاش بزانن بۆچی لەم هەلومەرجە نالەبار و بۆ هیوایەدا بەسەر دەبەن و دەبێ هەوڵ بۆچی بدەن. لە هەموو وڵاتکاندا تووڕەیی کرێکار لە سەرەتادا، وەکوو شەپۆلی دوورەپەرێزەکان خۆی نیشان دا، لە ڕووسیا، پۆلیس و خاوەن کارخانەکان ناویان لێنابوو "هەڕچوون". ئەم شەپۆلە دوورەپەرێزانە، لە هەموو وڵاتاندا، لە لایەکەوە دەبوون بە مانگرتنی ئاشتیخوازانە و لە لایەکی تریشەوە، دەبوون بە هۆێنی خەباتی هەمەلایەنی چینی کرێکار بۆ ڕزگاری.

مانگرتن (یا خود دەست لە کار کێشانەوە) چ تایبەتمەندیەکی بۆ خەباتی چینی کرێکار هەیە؟ بۆ وەڵام دانەوە بەم پرسیارە دەبێ وێنایەکی تەواوەتی لە مانگرتن بکەشین. هەر وەک پێشتر بینیمان، کرێی کاری کرێکارێک بۆ پێی ڕێککەوتنی نێوان کرێکار و خاوەنکار دیاری دەکرێ. بۆ پێی هەلومەرجێکی وەها، بینیمان کە کرێکاری تاک و

تەنیا بە هێزە، کەواتە تەواوەن سروشتیە کە کرێکاران دەبە بە شێوەی بە کۆمەڵ بە خواستەکانیان خەبات و تێکۆشان بکەن، و ناچارن کە مانگرتن گەلێک بە بەرامبەرکە لەگەڵ کەمکردنەوەی حەقدەست و بردنە سەرەوەی حەقدەست ڕکبخەن. ئاستێکەی ئەوەی کە لە هەر وەاتێکی سەرمایەداریدا، مانگرتنە کرێکاریەکان لە ئارادا هەن. لە هەموو شوێنێک، لە هەموو وەاتانی ئەوروپایی و ئەمریکا، ئەو کاتەی کە کرێکارەکان یەکگرتوو نین، هەست بە بە هێزی دەکەن؛ و تەنیا کاتێک توانای بەربەرەکانێ لەگەڵ خاوەنکاریان هەیە کە بڕیارەڵ دەست بە مانگرتن یان هەڕەشەی مانگرتن بکەن.

هەرچەند سەرمایەداری زیاتر و زیاتر گەشە دەکا، و هەرچەند کارخانە گەورەکان خێراتر دروست دەکرێن، و هەرچەند سەرمایەدارێ بچوکەکان لە لایەن سەرمایەدارێ زەبەلاحەکانەوە لە مەیدان وەدەر دەنرێن، بەو هادیە پێویستی خەباتی بە کۆمەڵ زیاتر و زیاتر هەست پێدەکرێ، چونکوو بێکاری ەوو لە زیادبوون دەکا، ململانێی سەرمایەدارەکان بە بەرهەم هێنانی شتومەک بە هەرزانترین شێوە، زیاتر دەبێ (بە ئەم مەبەستە دەیانهەوێ تە ئەو جێگایەی کە دەتوانن حەقدەستی کەمتر بە کرێکاران بدەن)، هێڵکشان و داکشانێ پیشەسازیەکان زیاتر خێی نیشان دەدا و قەیرانەکان دژوارتر دەبنەوە. کاتێک کە پیشەسازی بازاڕی گەرمە، خاوەن کارخانەکان قازانجی گەورە دەکەن، بەڵام لە بیری شەریک کردنی کرێکار دا نین؛ بەڵام کاتێک قەیران دەست پێدەکا، خاوەن کارخانەکان دەیانهەوێ زەرەرەکە لە پێی کرێکارەکاندا بنوسن. لە کۆمەڵگا ئەوروپاییەکاندا پێویستی مانگرتن لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا تا ڕادەیەک بە هەمووان ناسراوە کە یاسای ئەم وەاتانە ناتوانن مانگرتن قەدەغە بکەن. تەنیا لە ووسیایە کە یاساگەلی دەندە بە دژی مانگرتن جێبەجێ دەکرێ.
بەهەرحاڵ، مانگرتنەکان -کە لە ناوەڕۆکی کۆمەڵگای سەرمایەداریەوە هەڵدەقوڵن- نیشانەی دەستپێکی خەباتی چینی کرێکارن بە دژی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیە. کاتێک سەرمایەداری لەگەڵ کرێکارێکی تەنیا کە خاوەنی هیچ شتێک نیە ەووبڕەوو دەبێ، هەڵومەرج باس لە کۆیلایەتی بە ئەملا و ئەولای کرێکار دەکا. بەڵام کاتێک هەر ئەو کرێکارە فەقیرانە یەکگرتوو دەبن، هەڵومەرجەکە دەگۆڕێ. هیچ سەروەتە لە دنیا دا بەکێکی سەرمایەدار نایەت مەگەر ئەوەی کە بتوانێ کرێکارانێک پەیدا بکا کە ئامادە بن هەزی کاری خێیان لەسەر ئامراز و شتومەکێک کە هی سەرمایەدارە بخەنە گەڕ بە ئەوەی سەروەتی تازە بەرهەم بهێنن. تا ئەوکاتەی کە کرێکاران ناچارن بە شێوەی تاک لەگەڵ سەرمایەدارەکان مامەڵە بکەن، کۆیلەی ڕاستەقینە دەمێننەوە

کە ناچارن بە وەدەست هێنانی پارەیەک نان بخۆن بەردەوام سوود بە کەسانیتر بگەیەنن. و دەبێ تا کەتایی دنیا خزمەتکاری بکرێگیراوی زمانبەستراوبن. بەڵام کاتێک کە کرێکاران داواکاریەکانی خۆیان بە شێوەی کۆمەڵ داوا دەکەن و ئامادە نین دەستبەردار بن، کەیلە بوونیان کەتایی دێ، دەبنەوە بە مرۆڤ؛ داوای ئەوە دەکەن کە نابێ زەحمەتیان تەنیا لە خزمەت چەند مفتەخۆرێک دا بێ، بگرە دەبێ ئەو کەسانەی کە زەحمەت دەکێشنیش وا لێبکا کە وەکوو مرۆڤی ئاستقینە بژین. کرێکاران داوای ئەوە دەکەن کە ئەوانیش ببن بە ئاغا. داوای ئەوە دەکەن کە ژیانیان نابێ بەو جۆرە بێ کە سەرمایەدارەکان و خاوەن زەویەکان دەیانەوێ، بگرە دەبێ بەو جۆرە بێ کە خۆیان دەیانەوێ. هەربۆیە سەرمایەدارەکان هەمیشە لە مانگرتن دەترسن، چونکوو زانێ بوونیان دەخاتە ژێر پرسیارەوە.
لە سرودێکی کرێکاری ئەڵمانی دا، کە سەبارەت بە چینی کرێکارە هاتووە کە: "هەموو چەرخەکان لە خولانەوە دەوەستن، گەر بازوی بەهێزتان بیهەوێ". لە دنیای ئاستقینەشدا هەر بەو جۆرێ: کارخانەکان، زەوی زەویدارەکان، ماشێنەکان، هێزی ئاسنینەکان و هتد، وەکوو چەرخی ماشێنکی گەورە دێنە هەژمار – ماشێنک کە مادە لە کانەکان دەردەهێنن، بەرهەمیان لە وەدەست دێنن، هێکوپێکیان دەکا و دەیانگەیەنێتە شوێنی مەبەست. تەواوی ئەم ماشێنە لایەن کرێکارەوە جووڵەی پێ دەکرێ. کرێکارێ کە زەوی دەکەڵ، کانزا دەردەهێنن، و لە ناو کارخانەکان دا خەریکی بەرهەم هێنانن، ماڵ و کارگا و هێزی ئاسن دروست دەکا. کاتێک کە کرێکاران خۆ لە کارکردن دەپارێزن مەترسی وەستانی تەواوی ماشێنەکان لە ئارادایە. هەر مانگرتنێک ئەوە وەبیر سەرمایەدار دەهێنێتەوە کە کرێکارەکان ئاغای ئاستقینەن نەوەک ئەوان. کرێکار گەلێک کە هەر جارە بەرزتر لە جاری پێشوو داوای مافەکانیان دەکەن. هەر مانگرتنێک کە ڕووداوێ ئەوە بە گوێی کرێکاران هێندەنێ کە لە هەلومەرجیان دەسارد نەبنەوە، و ئەوان بە تەنیا نین. سەیرکەن کە مانگرتن چ کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر خودی مانگرتووان و هەروەها لەسەر کرێکارانی کارخانەکانی دەوروبەر وە یان کرێکارانی هەر ئەو کارخانەیە کە لە بەشەکانیتردا کار دەکەن هەیە.

لە کاتی ئاسایی و ئاشتی دا کرێکار بە بە بەڵێ خەریکی کارە، لەگەڵ خاوەنکار مشتومڕ ناکا، سەبارەت بە هەلومەرجی خۆشی هیچ قسەیەک ناکا. بەڵام لە کاتی مانگرتندا ماف و داواکاریەکانی بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکا، تەواوی ستەمکانی سەرمایەدارەکان وەربیر سەرمایەدارەکان دەهێنێتەوە، هەرشتێک کە مافی بە ئەم لاو

ئەولای ئەو داوای دەکا، و ئیتر تەنیا بیر لە خۆی و حەقدەستەکەی ناکاتەوە بەڵکو بیر لە هەموو هاوکار و هاوچارەنووسەکانی دەکاتەوە کە هاودەنگ لەگەڵ ئەو دەستیان لە کار کێشاوەتەوە و بە بە ترس باسی بەبەشی دەکەن و بە بڕوپێش بردنی ئامانجی کرێکاران ڕاپەڕیون. هەر مانگرتنێک، کەمەلێک بەبەشی زیر بە کرێکارانی بەدوایەوە، بەبەشی و بەدەرەتانێک کە تەنیا دەکرێ لەگەڵ شێ و بەدبەختیەکانی شێدا بڕاورد بکرێ: بنەماڵەیەکی برسی، بە داهات، دەستگیرکردن و زیربەی کات دەرکردن لە شار و زێدی خۆی. لەگەڵ تەواوی ئەو ئازار و ناخۆشیانە، کرێکاران، بە چاوی سووکەوە سەیری ئەو کەسانە دەکەن کە سەفی مانگرتوان بە جێ دەهێڵن و دەچن لەگەڵ خاوەنکار ڕێکدەکەون. لەگەڵ تەواوی ئەو ئازار و ناخۆشیانەی کە بەدوای مانگرتنەوەیە، کرێکارانی کارخانەکانی دەوروبەر، هەڵمەتی تازە دەگرن کە دەبینن هاوکارەکانیان ئاوا ئازایانە داوای مافەکانیان دەکەن.
یەکێک لە مامۆستایانی گەورەی سۆسیالیزم، ئنگێڵس، سەبارەت بە مانگرتنی کرێکارانی ئینگلیس ئاوا دەڵێ: "خێڵکانێک کە ئەوندەیان سەبر هەیە تاکوو پشتی بڕژوایەکی تاک لە زەوی بدەن، توانایی ئەوەشیان هەیە کە پشتی هەموو بڕژوازی لە زەوی بدەن و تێکیان بشکێنن". بە شێوەیەکی گشتی مانگرتن لە یەک کارخانە بەسە بە ئەوەی مانگرتن بە باقی کارخانەکانی تریش بگوازرێتەوە. بەڵام استی کە مانگرتن دەتوانێ کاریگەریەکی ئەخلاقی زیر بەهاوتا و دەگمەنی هەبێ، دەتوانێ کاریگەری زیر گەورەی لەسەر وڕای باقی کرێکارەکانیتر هەبێ کاتێک ئەوان دەبینن کە هاوڕێ و هاوکارەکانیان چەن ئەگەر بە ماوەیەکی کەمیش بە کۆتایان بە کێلایەتی خۆیان هێناوە و بە دژی سەرمایەداران ڕاپەڕیون.

هەر جار کە کرێکاران مان دەگرن، زیر بەهەز ئێندێشەی سۆسیالیزم دەچێتە مێشکی کرێکارانەوە؛ ئێندێشەی خەباتی تەواوی چینی کرێکار بۆ ڕزگاری لە ستەمی سەرمایە. زیر پێشهاتووە کە تا پێش لە مانگرتنێکی گەورە، کرێکارانی کارخانەیەکی دیاری کراو، یان لقێکی تایبەتی پیشەسازی، و یان شارێکی دیاریکراو، هیچ شتێکیان لەسەر سۆسیالیزم بیستبێ یان بیریان لێکردبێتەوە. بەڵام دوای مانگرتن، کەمەڵ و ئەنجومەنی خوێندنەوە لە نێویاندا پێکهاتوە و ژومارەی کرێکارانی سۆسیالیست زیرتر و زیرتر بووە. مانگرتن ئەوە فێری کرێکاران دەکا کە پێی بەوە بڕن کە هێزی سەرمایەدار و کرێکاران لە کۆوە دێ؛ فێریان دەکا کە تەنیا بیر لە خاوەنکار و یان هاوکارەکانی خۆیان نەکەنەوە، بەڵکو بیر لە هەموو خاوەنکارەکان و

تەواوی چینی سەرمایەدار و چینی کرێکار بکەوێ. کاتێک کە کارخانەدارێک لە کێی دانێج و ماندووبوونی چەندین نەوە لە کرێکاران، میلیۆنها سەرمایەی بەدەست هێناوە، بەڵام خێی لە زیاد کردنێکی کەمی حەقدەستی کرێکاران دەبوێری و تەنانەت لە هەوڵی کەم کردنەوەی ئەو حەقدەستە دایە، و کاتێک کرێکاران لە بەرامبەری دا ڕادەوەستن، و ئەو کارخانەدارە بە هەزاران بنەماڵەی برسی دەردەکاتە سەر جادەکان، بە چینی کرێکار بە تەواوەتی ڕوون دەبێتەوە کە چینی سەرمایەدار -وەکوو گشتێک- دوژمنی چینی کرێکارن، و کرێکاران تەنیا دەتوانن پشت بە خۆیان و هێزی یەکگرتوویان ببەستن. زەرجار ڕووداوات کە کارخانەدار -وەک خەرخوازێک- هەموو هەوڵی بە فریودانی کرێکاران دەخاتە گەڕ، و بە بانگهێشتی کرێکاران بە سەر سفرە و خوانی جوان هەوڵ بە شاردنەوەی چەوساندنەوەکان بدا. مانگرتن، هەمیشە ئەم فرت و فێڵانەیان بە زووی ئاشکرا دەکا و ئەوە نیشانی کرێکاران دەدا کە "خەرخوازەکەیان" تەنیا گورگێکە لە پێستی مەڕ دا.

هەروەها، مانگرتن چاو و گوێی کرێکاران نێک تەنیا لە هەمبەر ناوەڕۆکی سەرمایەداری بەڵکوو لە هەمبەر ناوەڕۆکی حکومەت و یاساکانیش دەکاتەوە. هەروەک چون کارخانەدارەکان دەیانهەوێ پێزی خەرخوازی لێبڕدن، هەر بەوجۆرە نەردراوانی حکومەت و بکرێگیراوانیان هەوڵ دەدەن کە کرێکاران دەنیا کەنەوە کە تەزار و حکومەتی تەزاری، بە پێی ویستی یاسا، وەک یەک چاو لە خاوەنکار و کرێکار دەکا. کرێکاران هیچ شتێک لە یاساکان نازانن، و لەگەڵ مەئمورەکانی دەوڵەت پەیوەندیان نیە، بەتایبەت ئەوانەی کە پێستی باڵایان لە حکومەت دا هەیە، هەر بۆیە لە زەربەی کاتەکانەدا باوەڕیان پێدەکەن. دواتر مانگرتن ڕووەدا. داواکاری گشتی، پشکنەری کارخانە، پۆلیس و زەر جارانیش هێزی سوپا لەبەردەم دەرگای کارخانەدا ڕادەوەستن. کرێکاران بۆیان دەردەکەوێ کە یاساکانیان شکاندووە: خاوەنکارەکان یاسایی ئەو مافیان هەیە کە لە دەوری یەک کەبنەوە و لەسەر چەنیەتی کەم کردنەوەی حەقدەستەکان گفتوگۆ بکەن. بەڵام ئەگەر کرێکارەکان بە لەک تەگەیشتنێکی هاوبەش بگەن، ئەوا دەبن بە تاوانکار! کرێکارەکان لە ماڵ و حاڵیان دەردەکرێن، پۆلیس ئەو دوکانانەی کە کرێکارەکان دەیانتوانی بە قەرز لێوە شتومەک بهێنن دادەخەن و تەنانەت کاتێک هێسوکەوتی کرێکارەکان تەواوەن ئاشتیخوازانەیە هەوڵ دەدرێ کە سەربازەکان لە دژی کرێکاران هان بدەن. تەنانەت فەرمان بە سەربازەکان دەکرێ کە تەقە لە کرێکارەکان بکەن و هەر ئەو کاتەی لە پشتەوە تەقە لە

کرێکارێ هەڤهاتوەکان، کرێکارێ بێ چەکەکان دەکەن، خودی تێزار ئۆپڵەی سپاس و پیزانینی هەیە بێ هەزێ چەکدارەکان (هەر بەو شێوەیە تێزار سپاسی هەزێ چەکدارەکانی کرد کە لە ساڵی ١٨٩٥ کرێکارانی مانگرتووی یاروسلاولیان دایە بەر دەست گوللە و کوشتیانن) وردە وردە بێ کرێکاران ڕوون دەبێتەوە کە دوژمنێتی تێزار خراپترین دوژمنیانە. چونکوو پشتیوانی لە سەرمایەدارەکان دەکا و دەست و قاچی کرێکاران دەبەستێتەوە. کرێکاران وردە وردە هەست بەوە دەکەن کە یاساکان تەنیا لە خزمەت بێ مافەکانی سەرمایەدارەکانن کە نووسراون، و مەئمورینی حکومەت تەنیا و تەنیا پارێزەری ئەو مافانەن، کە دەمی چینی کرێکار بگرن و نەهێڵن کە دواکارییەکانی وەزمان بهێنن؛ چینی کرێکار دەبێ بێ خەی مافی مانگرتن، مافی چاپ و بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامەی کرێکاری، مافی بەشداری کردن لە کۆبوونەوەیی کە تیایدا یاساکان دەنووسرێ و چاودێری پەیڕەوکردنی یاساکان دەکا، بەدەست بهێنێ. حکومەت زۆر باش دەزانێ کە مانگرتن چاو و گوێی کرێکاران دەکاتەوە؛ هەر بۆیەشە کە ئاوا لە مانگرتن دەترسێ و دەست بێ هەموشتێک دەبا بێ ئەوەی بڕی پێ بگرێ. بێ هێ نیە کە جارێکیان وەزیری ناوخەی پرۆس -کە ناوبانگی تایبەتی هەبوو لە بەدواداچوون و گرتنی سۆسیالیستەکان و کرێکارانی وشیار- لە بەرامبەر بێ نوێنەرانی خەڵک دا وتی: "لە پشت هەر مانگرتنێکەوە، دەوزمەی شەڕش و ئاپۆین لە بەسەدایە".

هەر مانگرتنێک ئەم تێگەیشتنە لە کرێکاران دا بەهێز و گڕێ پەیدا کە حکومەت، دوژمنیانە و چینی کرێکار دەبێ خەی بێ خەبات بێ دژی حکومەت و مافە ڕەواکانی جەماوەر ئامادە بکا. هەر بۆیە، مانگرتن ئەوە فێری کرێکاران دەکا کە یەکگرتوو بن؛ ئەوە نیشان دەدا کە تەنیا کاتێک دەتوانن بێ دژی سەرمایەدارەکان شەڕ بکەن کە یەکگرتوو بن؛ فێریان دەکا کە بیر لە بەرخەدان و خەباتی چینی کرێکار بکەنەوە بێ دژی چینی سەرمایەدار و بێ دژی حکومەتی داپڵۆسێنەری پۆلیسی. هەر بەو هۆکارییە کە سۆسیالیستەکان مانگرتن بە "قوتابخانەی خەبات" ناودێر دەکەن. قوتابخانەیەک کە تیایدا کرێکاران فێری ئەوە دەبن کە چۆن بێ ئازادی هەموو جەماوەر، هەموو کەمپی کار لە دیلێتی کاربەدەستانی حکومەتی و لە دیلێتی سەرمایە، لەگەڵ دوژمنانیان شەڕ بکەن. بەڵام "قوتابخانەی خەبات" خودی خەبات نیە. کاتێک کە مانگرتن لە ناو کرێکاران دا بەربڵاو دەبێ، هەندێک لە کرێکاران (لەوانە هەندێک لە سۆسیالیستەکان) شک لەوە دەکەن کە چینی کرێکار تەنیا دەتوانێ خەی لە مانگرتنەکان، سندوقی مانگرتن، و یان کەمپەی مانگرتن بەرتەسک بکاتەوە. کە

تەنیا لە ڕێگای مانگرتنەوە چینی کرێکار بتوانێ هەلومەرجی ژیانی بەشەوێکی بەرچاو باش بکا و ئازادیکانی وەدەست بهێنێ. کاتێک کە کرێکاران دەبینن چ هەزێکی گەورە لە مانگرتنی چینی کرێکاری یەکگرتوو و مانگرتنە بچوکەکان دا بوونی هەیە، هەندێک وەها بیر دەکەنەوە کە چینی کرێکار ئەگەر مانگرتنێکی سەرتاسەری لە هەموو وڵات دا بەڕێوە بەرە دەتوانێ هەرشتێک کە لە سەرمایەدارن و لە دەوڵەتی داوا دەکا وەدەستی بهێنێ. ئەم بیروڕایە لە وڵاتانی تریشدا سەردەمانێک کە بزوتنەوەی چینی کرێکار لە هەنگاوەکانی سەرەتایی خۆی دابوو و کرێکاران هێشتا زۆر بە ئەزموون بوون بوونی هەبوو. ئەم بیروڕایە هەڵەیەکی گەورەیە. مانگرتن یەکێک لەو ڕێگایانەیە کە کرێکاران لە ڕێگای ڕزگاری خۆیاندا کێشی لەوەردەگرن. بەڵام تاکە ڕێگا نیە و ئەگەر کرێکاران بیر لە باقی ڕێگاکانی تر خەبات نەکەنەوە، ئەوا گەشە و سەرکەوتنەکانی چینی کرێکار خاو دەکەنەوە. ئەوە ڕاستە ئەگەر مانگرتنەکان بیانهەوێ سەرکەوتوو بن بوونی سندوقی مانگرتن بە پشتیوانی دارای کرێکار مانگرتوەکان لە کەی پرسەی مانگرتندا پێویستیەکی حاشا هەڵنەگرە. ئەم جۆرە سندوقە کرێکاریانە لە هەموو وڵاتانیتریش دا بوونی هەیە؛ بەڵام لەرە لە ڕووسیا، ئەم کارە بەتایبەت هەڵەیە چونکوو پۆلیس شوێن سندوقەکە دەکەوێ و دەیدزێتەوە و پارەکان دەبا و کرێکارەکان دەستگیر دەکا. هەڵبەتە کرێکاران دەتوانن ئەو سندوقانە لە پۆلیسەکان بشارنەوە، و سروشتیە کە ئەم جۆرە سندوقانە زۆر بەنرخن و ئەمە نامانهەوێ کرێکاران ئامۆژگاری بکەین کە بیر لە دامەزراندنی ئەو جۆرە سندوقانە نەکەنەوە. بەڵام نابێ وا بیر بکرێتەوە کە سندوقی مانگرتن تا ئەو کاتەی لە ڕووی یاساییەوە قەدەغەیە دەتوانێ ژمارەیەکی زۆر یارمەتیدەری هەبێ و تا ئەو کاتەی کە ژمارەی یارمەتیدەرەکانی هێندە کەم بێ ناتوانێ زۆر یارمەتیدەر بێ. هەروەها، تەنانەت لەو وڵاتانەی کە یەکیەتیە کرێکاریەکان بە ڕەسمی بوونیان هەیە و بەشێکی زۆر پارەیان لەبەردەست دایە، چینی کرێکار هێشتا ناتوانێ خەباتی خۆی تەنیا لە مانگرتن دا بەرتەسک بکاتەوە. تەنیا پێویستە کە وچانێکی کاتی لە کاروباری پیشەسازی دا (وەکوو قەیرانێک، هەر ئەو شتەی کە خەریکە لە ڕووسیا نزیک دەبێتەوە) ڕووبدا؛ تاکوو خاوەن کارخانەکان ئەگەر تەنانەت بە دەستی ئەنقەستیش بووبێ مانگرتن شکێ پێ بدەن، چونکوو بە قازانجیانە ئەگەر بە ماوەیەک کار نەکرێ و سندوقی مانگرتنی کرێکاران خاڵی ببێ. هەر بۆیە بە هیچ چێشنێک کرێکاران ناتوانن تەنیا خۆیان لە مانگرتن و کۆبوونەوەی مانگرتوان بەرتەسک بکەنەوە. هەروەها مانگرتنەکان تەنیا کاتێک دەتوانن سەرکەوتوو بن کە کرێکاران

بتوانن کاتی شیاو بۆ مانگرتن هەبژێرن، و کاتێک کە دەزانن چۆن داواکارییەکانی خۆیان باس بکەن، و کاتێک کە لۆگۆی سۆسیالیستەکان لە پۆوندیدان و لایەن ئەوانەوە دەتوانن ئاگایانەدراو و نامیلکەکان وەدەست بێنن. هەشتا ژومارەی ئەو جۆرە کرێکارانە لە ڕووسیا زۆر زۆر کەم و دەبێ هەوڵ بۆ زیادکردنی ئەو جۆرە کرێکارانە، بۆ ناساندنی ئامانی چینی کرێکار بۆ جەماوەری کرێکار و ئاشنا کردنیان لۆگۆی سۆسیالیزم و خەباتی چینی کرێکار بدرێ.
ئەم ئێرکەکە کە سۆسیالیستەکان و کرێکارانی وشیاردەبێ پێکەوە بیخەنە سەرشانیان و پێکەوە بۆ ئەم مەبەستە حیزبی سۆسیالیستی چینی کرێکار دامەزرێنن. هەروەها، مانگرتنەکان ئەوەی فێری چینی کرێکاری هەموو وڵاتان کردووە کە بۆ مافی کرێکاران و بۆ شۆڕشێکی گشتی مافی میللەت، بۆ دژی دەوڵەت خەبات بکەن. هەر وەک وتمان تەنیا حیزبێکی سۆسیالیستی چینی کرێکار کە دەتوانێ ئەم خەباتە بۆ بەهێزکردن و بڵاوکردنەوەی چەمکگەلی دورست لە دەوڵەت و ئامانی چینی کرێکار لە ناو خەڵک دا بە سەرئەنجام بگەیەنێ.
لە کاتێکیتردا بەتایبەتی باس لەوە دەکەین کە چۆن مانگرتنەکان لە ڕووسیا هێزی دەکرێن و چۆن کرێکارانی وشیار دەبێ کێشکیان لێوەربگرن. لێرەدا تەنیا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە مانگرتنەکان، هەروەک وتمان "قوتابخانەی خەبات"ن و نە خودی خەبات و مانگرتنەکان تەنیا ئامرازێکن بۆ خەبات و تەنیا لایەنێکن لە بزوتنەوەی چینی کرێکار. کرێکاران دەبێ لە مانگرتنە دوورپەڕێزەکان زیاتر بزانن و بیر لە خەبات بۆ ڕزگاری تەواوەتی چینی کرێکار و هەموو کەمپی کار بکەنەوە، هەروەک چۆن کرێکارانی هەموو وڵاتەکان - بە کردەوە- وادەکەن.
کاتێک کە هەموو کرێکارانی وشیار دەبنە سۆسیالیست، واتە کاتێک کە بۆ ڕزگاری تەدەکشن و مەبەستیان بانگەشە و بردنی سۆسیالیزمە بۆ ناو کرێکاران و هەوڵدەدەن کە کرێکاران فێری هەموو ڕیگاکانی خەبات بۆ دژی دوژمنانیان بکەن، لە هەموو وڵاتدا یەکگرتوو دەبن، کاتێک کە حیزبی سۆسیالیستی کرێکاری بنیات دەنێن تاکوو خەبات بۆ ڕزگاری هەموو خەڵک لە ژێر ستەمی حکومەتی و ڕزگاری هەموو کرێکاران لە دیلیەتی سەرمایە بکەنە پێش، تەنیا لەو کاتدایە کە چینی کرێکار دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو لەو بزوتنەوە کرێکارییە گەورەیەی کە کرێکارانی هەموو وڵاتەکان تیایدا ڕێکخراو بوون؛ بزوتنەوەیەک کە هەموو کرێکاران لە ژێر ئایەک دا یەکگرتوو دەکا کە بە "کرێکارانی هەموو وڵاتەکان یەکبگرن!" نەخشێندراوە.

وەرگێڕان: هیوا ئەمانی

تێزە ئەکادیمییەکان و چەند سەرنجێك.. سەدیق سەعید ڕواندزی

گەلێك جار، لە نێوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردیدا، ڕووبەرووی دەستەواژەی نووسینی ئەکادیمی و نائەکادیمی دەبینەوە و بە بۆای بەشێکی زۆر لە ئەکادیمییەکانی ئێمە، هەر نووسینێك لە دەرەوەی ئەو بازنە و نێوەندەکانی زانکۆ بنووسرێت، ناشێ وەك نووسینێکی بابەتی و گرنگ، تەماشای بکەین و پشتی پێ ببەستین. ئەم جۆرە هەڵسانگەندنە بۆ گوتار و نووسینی نووسەران، لە دوای گەشەکردن و بەرە و پێشەوەچوونی خوێندنی باڵا لە کوردستان و کردنەوەی چەندین زانکۆ، بەرەوی سەندوو بووە مۆدێل. بنەماڵەی ڕوناکبیری مەلا کەریمی مودەڕیس و کۆەکانی، دەرچووی خانەقا و تەکییەی بیارە و تەوێڵەن، کەچی نووسینەکانییان لە بارەی شاعیرە کلاسیکەکانی کورد، ئەوەندە وردو بابەتی و شێوەیین، هیچ مامۆستایەکی زانکۆ نەیتوانیوە وەك ئەوان هەڵسەنگاندن بۆ ئەو بەرهەمانە بکات و ئاستاش بە سەدان ئەکادیمی بۆ ڕاڤەکردنی شیعری کلاسیکی، دەگەڵنەوە سەر بۆچوون و لێکدانەوەکانی ئەوان. ئەوەی لە نووسیندا گرنگە، واتاو مانایە. ئەگەر نووسینێك هەڵگری ئاماژەیەکی واتایی و بابەتی و مەعریفی بوو، ئیدی جۆری بۆانامە و پێگەی زانست و پیشەیی، زۆر بایەخی نییە. لە نێو ئێمەدا، هێندێك نووسینی ئەکادیمی هەن، ژمارەی پەراوێَز و سەرچاوەکانییان لەو پەڕەگرافانە زیاترە کە نووسەر نووسیونی. نازانم نووسەرێك، ئەگەر سەدان پەراوێز و سەدان سەرچاوەی، لە کتێبکی سەد ڕاپەڕەیدا بە کار هێنا، ئیدی بۆچوون و تێگەیشتنەکانی ئەو لە کوێدا بوونییان دەبێت و جێگەیان دەبێتەوە؟ زۆرن لەو نووسەرانەی لە دەرەوەی بازنەی ئەکادیمیەوەن، کەچی نووسینەکانییان لە ئاستکی بەرزی فیکری و مەعریفیدایە. بۆیە نابێ بنەمای نووسینێك بە پێوەری زانکۆیی و ئەکادیمی هەبسەنگێندرێت. ئاستا بایەخکی زۆر بە نامە ئەکادیمییەکان و ئەو تێزانە دەدرێت کە وەك نامەی ماستەرو دکتۆرا لە بارەی بابەتکەوە دەنووسرێن و ئامادە دەکرێن. ئەم نامانە، هێندەی لە پێناو وەرگرتنی بۆانامە و بەرزکردنەوەی پێگەی کارگێڕین لە پێناو دەسکەوتی ماددی زیاتر، بە بۆای من زۆر کەمیان لە پێناو ساغکردنەوەی مێژوویی و ئەدەبی و

نووسینی داهێنەرانەن. تەنانەت زۆرینەیان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، هیچ جیاوازییەکییان نییە لەگەڵ نووسینی کەسانی دیکەی دەرەوەی بازنە ئەکادیمییەکە. ئەمە وەڵامی ئەوەی هەندێکییان هەر تەنها ئامادەکردنن نەك نووسین. ئەوەندەی وەك خوێنەرێك تێبینیم کردبێت ئەو نامانەی کە چاپ دەکرێن، لە گەڵك ڕووەوە کەموکورتییان هەیە وەك:_

یەکەم:_ زۆرینەیان جگە لە پەراوێزی بابەتی نووسەرانی دیکە و تێکهەڵکێشکردنی پەیڤگرافی نووسەران لە نامەکەدا، تۆژەر خاوەنی هیچ ڕاو سەرنج و ئیزافەیەکی خۆی نییە. بۆ نموونە: نامەیەکم خوێندەوە، تەنها دوو سەدوو هەشتا لاپەڕە بوو، کەچی نووسەرەکەی دوو سەدوو هەژدە سەرچاوەی بەکار هێنابوو، واتا بە نزیکی ئەوەی هەر لاپەڕە و بڕچوونی کەسێکی دیکەی تێدا بوو. من نازانم لە کتێبێکی لەو شێوەیەدا، نووسەر خاوەنی چ جۆرە نووسین و ڕایەکی خۆیەتی، ئەگەر زانستییانەش نەبێت؟

دووەم:_ گەڵك جار، ڕەچاوی هیچ بنەمایەکی ڕێزمانی ناکەن، وشە هەیە بە چەندین ڕێنووسی جیاواز نووسراوە و هەمانە وشەشە. وەك:(ڕەنگە میلەت، تێگەیشتن_ تێ گەیشتن، جێبەجێکردن_ جێ بە جێ کردن) دەیان نموونەی دیکەی لەو شێوەیەش. ئەمە لەکاتێکدا هەندێك لە ئەکادیمییەکانی ئێمە ڕەخنە لە زمانی نووسینی نووسەرانی تر دەگرن و تەنانەت بە نەخوێندەواریشیان دەزانن!

سێیەم:_ لەو نامانەدا، زۆرجار یەك زانیاریی مێژوویی و ئەدەبی، بە دوو شێوەی جیاواز نووسراوە. بۆ نموونە: لە نامەیەکییان شاعیرە تەلیعییەکانی هەوڵێر (نەوزاد ڕەفعەت، عەباس عەبدوڵا، دڵشاد عەبدوڵا) نووسراوە، کەچی لە یەکێکی دیکەیان (جەلال بەرزنجی، سەباح ڕەنجدەر، ئەنوەر مەسیفی، هاشم سەراج، عەباس عەبدوڵا، دڵشاد عەبدوڵا) نووسراوە. بە پێی زانیارییەکانی من، نەوزاد ڕفعەت لەو گرووپە نەبووە. ئەوەی بەلامەوە جێگەی سەرنج بوو ئەوە بوو، کە هەردوو نامەکە، لە بارەی شیعرەوەن و تەزی ماستەرن. هەردووکیشیان لەلایەن یەك مامۆستاوە سەرپەرشتی کراون، کە ئەکادیمییەکی دیارە و دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا هەیە. تێ بینی ئەو دکتۆرە بەڕێزە، تێبینی ئەوەی نەکردبێت کە ناکرێت ئەو جیاوازییە لە ناوی شاعیران هەبێت؟ یان ئەوەتانێ نامەکانی نەخوێندۆتەوە، یان بە هەڵەی نەزانیوە! کە هەردووکییان لە یەکتری خەوشدارترن.

چوارەم: درێژدادێیەکی زۆر لەو نامانە، لە ڕووی نووسینەوە دەبینرێت، کە پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بەو بابەتەوە نییە کە وەك ناونیشان بۆ تێزەکە دەست نیشان کراوە. بۆ نموونە: کاتێ توێژەرێك باس لە وێنەی پیاو لە شیعری ژنە شاعیرێکی کورد دەکات، دەبێت

زۆرینەی هەرە زۆری تازەکەی بۆ ئەو بابەتە تەرخان بکات، چونکە ئەمە ناونیشانە سەرەکییەکەیە. بەڵام زۆرجار پێچەوانەی ئەوە دەبینین و تەنها بە چەند لاپەڕەکی کەم باس لە بابەتە سەرەکییەکە دەکرێت و ئەوەی تریان تەنها درێژکردنەوەیە و پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە بابەتەکەوە نییە.
پێنجەم:_ ناونیشان و ناوەڕۆکی ئەو نامانە، زۆرجار هاوشێوە و نزیك و کۆپی یەکترین، تەنها جیاوازییەکی کەمی ووکەشی و ناواخنی دەبینرێت. تەنانەت ناونیشان هەیە، چەندین جار، کراوەتە تۆزی نووسینی نامەیەکی ئەکادیمی لە شێوەی ماستەر یان دکتۆرا. من نازانم بابەتێك کە پێشتر نووسراو و قسەی لە بارەوە کرا، چ هونەرێکی تێدایە کەسانێکی تر هەمان بابەت دووبارە بکەنەوە؟
شەشەم:_ زۆرجار، لایەنە تیۆریی و پراکتییەکانی ئەو نامانە، یەکتری ناگرنەوە و پارادۆکسی گەورەیان تێدایە. بۆ نموونە: یەکێك لەو نامانە، باسی شیعری ئۆتۆماتیکی دەکات و ئەو شێوازە لە شیعر نووسین دەبەستێتەوە بە ناگایی ولایەنی نەستی مرۆڤ کە لۆژیك و ئەقڵ هیچ ڕۆڵێکی تێدا نابینن، کەچی ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو ئەوە بوو، هەموو ئەو شیعرانەی وەك نموونەی ئەو باسە لە کتێبەکە هێناونەتەوە، بەو پەڕی ئاگایی و لۆژیکی و دیدی هزریانەوە لەلایەن شاعیرەکانەوە نووسراون. ئەمەش دەریدەخات کە زۆر بە دەگمەن لە سەر ناوەڕۆکی ئەو نامانە دەوەستن و تەنها مەبەست وەرگرتنی بۆوانامە و بەرزکردنەوەی پلە ئەکادیمییەکەیە لە پێناو دەسکەوتی ماددی زیاتر و هیچی تر نا.
دواجار دەڵێین، ئەگەرچی ئەکادیمییەکانی ئێمە، هەمیشە جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەر لێکۆڵینەوەیەك و نووسینێك، کەسێکی ئەکادیمی نەینووسیبێت، یان سەدان سەرچاوەی تیادا بە کار نەهاتبێت، ئەوا ناشێ وەك نووسینێکی مەعریفی ببینرێت و پشتی پێ ببەسترێت. لە کاتێکدا نووسین نووسینە، ئەکادیمییەك بینووسێت، یان کەسێکی ئاسایی ، ئەوەی گرنگە ناوەڕۆکی نووسینەکەیە نەك شوناسی پیشەییانەی. مەگەر ئەوەی هەژار موکریانی بۆ نەتەوەکەیی و زمانی کوردی کردوویەتی، بە هەزاران لە ئەکادیمییەکانی ئێمە ئەوەیان کردووە؟ وەڵامەکەی بۆ خوێنەران جێدەڵێین.

سەدیق سەعید ۆاندزی

-_____

سەرنج: لە بەر ناو و ناوبانگی نووسەرەکان، ناوی نووسەری نامەکان و سەرپەرشتی تێزەکانم نەهێناوە، دەنا دەتوانم بە بەڵگە ناوی

هەموویان بنووسم.

*ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی (ڕۆژگای کوردستان) ژمارە(1273) ی ڕۆژی 14/12/2021 بڵاوکراوەتەوە.

بە مـوتـەدکردنی عـەدلـەخـانم لـە لاوکـی داستانی دەروێـش عـەڤـدی.. یونس تانج

سوکـایـەتیکردن بە هەر کەسـێک لە هەر پلەو پـایـەیەک، بە هەر ئایدیـۆلـۆژیایەکی ئاسمانی و زەمینی، بەشکە لە قـیرانی ئـەخـلاقی و نـەبوونی گوتارێکی ئـەڤـانی و ئیفلاسـکی بە چـەندوچوونی مـەعریفی.
جوڤاندنی کە هەستی ئیماندارانی سادە بە مـەرامگـەلـکی تایبـەت، دروستکردنی واتـە وات و هـەڵـاو هـەنگامـەیـک، لـە بـارەی یـەکـک لـە دەسـتکانی لاوکـکی کوردی بـە ناوی دەروێش عـەڤدی، کـە سـەرچاوەکـەی داستانـکی چـەند سـەد سـاڵـەیـە لـە باکوری کوردستان، جـگـەی ئـامانـە " منـە ڕۆژە سـە جارا کـەرەم دکـەم ب دەروێشـە عـەڤدی.. حاشا دکـەم ل دینـە موحـەممـەدی.. ساف ئـەز ئـەزدیمـە"
لـە تـەواوی ئـەو بـاوکراوە و بـەیاننـامـەو لـێـدوانـە مـتـمـانـەیـانـەی دەربـەدراون، تـەنها باس لـەوە دکـرێت کـە سوکایـەتی بـە ئایینی ئیسلام کـراوە، بـەبـە ئـەوەی ئامـاژە بـە وشـەو دەسـتـەواژەیـک بـەدرێت لـەم سوکـایـەتیپـکردنـە، بـەبـە ئـەوەی مـەغـزا و هـەکارەکـانی بـە سوکـایـەتی دانانی ئـەم دەسـتـە بخـرێتـە پـێش چاو.

هـەر چـەنـد لـەم دەسـتـەوە ورد دەبیتـەوە هیـچ جـۆرە سوکـایـەتیـیـەک بـەدی ناکرێت، تـەنها کەسـێک هـەیـە کـە بانگـەشـەی گـەیـنی ئایینـکـەی دکـات، عـەدلـەخانم وەک کچـە دلـبـەرێکی موسـڵمان، پاش کوشتنی خـەڵـویستـکـەی، لـە حـەزەرەت ژانی دەی خـەی، لاوک و لاوانـنـەوەیـک بـە مـەرخاسـە بـە زوەم کـوژراوەکـەی دەچـەسـت، لـە یـەکـێک لـە بـەنـدەکان بـاس لـە گـەیـنـی ئـایینـکـەی دکـات و دەخـوازێت بچـێتـە سـەر ئـایینی خـەڵـویسـتـکـەی (ئـەزدیاتی).
ئـەم و ئـەگـەر لـە ڕوانگـەیـکی دیکـەوە ئـەم بـەرگریـیـەی دەروێش عـەڤدی

بە سوکایەتی سەیر نەکرێت، بەوەی چەن زاتی ئەوەی کردووە لە بەرامبەر شمشێری پیرۆزی سەتەنەتی عوسمانی بەرگری لە دەڤەر و خاکەکەی بکات!!
لە ئاستیدا هەبژاردن و دەستبەرداربوون و گۆڕینی ئاین بابەتکی پەیوەندی بە خودی مرۆڤ خۆیەوە هەیە، لە قورئانیشدا لە چەندان ئایەت ئاماژە بەم ئاستیە کراوە، هەبەتە ئەگەر بوار بدەن و ئەم ئایاتانە بە نەسخکراو و مەنسوخ بە ئایاتی سەیف لە قەڵەم نەدەن!!

خە بواردن لە ووون نەکردنەوەی ئەوەی بەچی حاشاکردن لە ئایین سوکایەتییە، دەرخەری ئەوەیە ئەوان وەک خوازیەک و کەدەک وشەی سوکایەتی بەکاردەنن، ئەگەرنا وشە ئاستەکە بریتییە لە هەگبەاوە یاخود موتەد، بەپێی ئەحادیسیش هەرکەسێک لە ئیسلام هەگبەتەوە دەکوژرێت، بەڵام بەچی توقییە و تەدلیس دەکرێت و ئەپ و ئاست ئاماژە بەو فەرموودەیە ناکرێت، ئەویان جەگە باسی ئەم وتارە نییە.
کێت و بەندکردنی ئەدەبی کوردی هیچ سودێک ناگەیەنێت، لە گاڤەکدا زایەڵەیەکی زەبەلاح خەریکە سەرهەدەدات، نیازمەندە بە گۆڕەی نەمە ڕەجعییەکانی ئەو حوکمی وێژە و فەرهەنگ و میراتە کەلەپووری و کلتووری و ژیارییەکانی کورد بکرێت، هەروەها بە پێی میزاج و پەوانەی ئەوان فەان دەق و فیسار دەق پەسند بکرێت و ئەوی دیکە ئەنفال بکرێت.

وەای ئەوەی دەقە ئەدەبی و فەلکلەرییەکان هیچ جۆرە حوکمێکیان بەسەردا ناسەپێت، چونکە ئاوەزانن بە هەست و سۆز و خەیاڵ و هەچوونە ناوکییەکانەوە..ئەم قسەیەی عەدلەخانم تەنانەت لە واقیعیشدا هیچ دەرهاوشتەیەکی لەناکوێتەوە، چونکە ئەلی ئەزدی هاوشەوەی جووکان وەک ئاینێکی داخراو، هەگە نادات هیچ کەسێک بتە ناو ئایینەکەوە، ئەگەر ئەم کەسە بە دایک و باوک ئەزدی نەبێت. بەگومان عەدلەخانم چاک لەم ئاستیە حاڵی بووە، بۆیە پەنای بە هەگەزێکی ئەندەشەیی بردووە بە بەدیهەنانی ئەم کارە نەکردەیە.
ئەم ڤەرژنە کەنە لە تەدەیون، ئەم دنیا بینییە داخراوە بە ئایین، لە لایەن تەوژمێک کە هەگەری دیدەکی توندگیری فەندەمەنتاهە بە دین و شەریعەت، خەتەرناکەو سەرەتای زەنگەکی مەترسیدارە لە بەردەم ئازادی ئایینی تاک، هەبەت پەیامێکی ناڕاستەوخۆ و چاوسورکردنەوەیکیشە بە سەرجەم تاکەکانی جڤات و فەرخوازان، بە شەوەیک بەێت.. ئەمە لە کچی ناو داستانێک کە بە ستران دەێت واز لە ئاینەکەم دەهێنم خەش نەبووین، لە هیچ کەسێک خەشنابین گەر کاتی

خ‌ی بـ‌ت.

لـ‌ کـ‌تـایـیدا بـ‌یاری لابردنی ئـ‌م داستانـ‌ لـ‌ پـ‌‌گرامی خوـ‌ندن هیچ نـیـیـ‌ جگـ‌ لـ‌ ملدان بـ‌ ویستی نـ‌گریسی توندـ‌‌وی و سـ‌پاندنی ئـیـ‌هابی فکری، لـ‌ ئاکامیشدا جـ‌بـ‌جـ‌کردنی حوکمی هـ‌‌گـ‌‌انـ‌وـ‌کـ‌ لـ‌ عـ‌دلـ‌خان و ملپـ‌‌اندنی بـ‌ بـ‌رچاوی وـ‌زارـ‌تی پـ‌روـ‌ردـ‌وـ‌!!

یونس تانج

کـوردی دـ‌ستخـ‌‌‌کراو..!.. جـواد خـ‌لـیل

(کـتـ‌بـ‌ک دـ‌ربـارـ‌ی شکستی ـ‌یفراندـ‌م و کاریگـ‌ریـیـ‌کانی لـ‌سـ‌ر کورد)

“فوئاد مـ‌تـ‌ر” ـ‌‌ژنامـ‌نوس و نوسـ‌رـ‌کی ناوداری لوـبنان و جیهانی عـ‌رـ‌بـیـیـ‌. لـ‌ سالی 1962 ـ‌وـ‌ تا ئـ‌ستا بـ‌ردـ‌وام لـ‌ نووسین. ئـ‌و جگـ‌ لـ‌ کاری ـ‌‌ژنامـ‌نوسی، چـ‌ندین کـتـ‌بـی گرنگیشی بـ‌ تایـبـ‌تی لـ‌ بـواری سیاسـیدا نووسـیوـ‌. کـ‌سـ‌کی لـیـبرال‌‌ و لـ‌گـ‌‌ ئـ‌وـ‌شدا بـ‌ تـ‌واوـ‌تی پـ‌یوـ‌ستـ‌ بـ‌ باوـ‌‌ی نیشتمانی گـ‌ورـ‌ی عـ‌رـ‌ب.

دوایین کـتـ‌بـی ئـ‌م نوسـ‌رـ‌ (الكردي المخذول، رواية الدولة السراب في الوطن المستحيل) تایـبـ‌ت کراوـ‌ بـ‌ پرسی کورد و ـ‌یفراندـ‌م، کـ‌ زـ‌ر بـ‌ وردی و لـ‌هاتوـیـیـ‌وـ‌ هـ‌موو ـ‌وداوـ‌ گرنگـ‌کانی ئـ‌و سـ‌ردـ‌مـ‌ی تـیـا تـ‌مـارکراوـ‌. ئـ‌وـ‌ی جـ‌ـی سـ‌رنجـ‌ فوئـاد مطـر بـ‌ بـ‌راورد بـ‌ نووسینـ‌کانی پـ‌شووی، تـ‌نانـ‌ت بـ‌ بـ‌راورد بـ‌ نووسـ‌رـ‌کانی دیکـ‌ی دونیای عـ‌رـ‌بیش زـ‌ر بابـ‌تیانـ‌تر و واقیعبیـنانـ‌تر لـ‌ بارـ‌ی کورد و خـ‌ونی سـ‌ربـ‌خـ‌یبوون و ـ‌یفراندـ‌مـ‌کـ‌یـ‌وـ‌ نووسیوـ‌یـ‌تی.

ـ‌‌نگـ‌ ـ‌اشکاوی نوسـ‌رـ‌ لـ‌ درکاندنی هـ‌ندـ‌ک ـ‌استی و حـ‌قیقـ‌تی تـ‌دا، زـ‌ر خوـ‌نـ‌ری کورد بـ‌زار و تووـ‌‌ بکات، بـ‌‌ام دواجار هـ‌ر دـ‌بـ‌ بزانـ‌ت هـ‌کاری ئـ‌م هـ‌موو نسکـ‌ و شکستـ‌ مـ‌ژوویـیـانـ‌ چین!

ئـ‌م کـتـ‌بـ‌ باسی چی دـ‌کا؟

کتێبەکە 256 لاپەڕەیە و لە 13 بەش پێک دێت و هەربەشێکی تەرخانکراوە بە بابەتێکی کاریگەر و جێ بایەخ. لە دەستپێکدا نوسەر دەمانباتەوە بۆ مێژووییەکی دوور، مێژووی شکست و نادادی و چەوساندنەوە و خەباتی دوورودرێژی کورد لە پێناوی ئازادیدا، دواتر دێتەوە بۆ سەردەمی نوێ و کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و بەیاری بارزانی بۆ ئیفراندەم و کاراکردنەوەی پەرلەمان و هەوەستی وەاتانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لە هەمبەر ئیفراندەم و دەخی نەوخێی کورد و حساب نەکردنی بارزانی بۆ ئای وەاتێ زلهێزەکان.

لە بەشێکی کتێبەکەدا نوسەر باس لە شکست و نسکۆ گۆڕەکەی دوای ئیفراندەم دەکا و هەڵکارەکانی ئەم شکستهێنانە دەخاتە ڕوو. بە بەوای وی زیانێ ماددیەکانی ئیفراندەم بەو ڕادەیە زۆر نەبوون، بەڵام ئەوە زیانێ مەعنەویەکانێتی کە ئەوەندە زۆربوون لە هەژمار نایەن و قەرەبوو ناکرێنەوە. نوسەر پێی وایە کورد لە دوای ئیفراندەمەوە شکۆ و باوەڕبەخۆبوونی شکێنراوە و هاوشێوەی دەڵاوێکی جەنگ لە لایەن ئێران و تورکیا و عێراقەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. دراوسێکانی کورد لەمدا سەرکەوتن و کوردیان دەستخەڵە کردەوە، بەڵام ئەمجارەیان وەک دەستخەڵەیەکی بێ خەون، جەنگاوەرێکی بەزیو و ژێردەستەیەکی سەرکز.

" فوئاد مطر" دەخی "مەسعود بارزانی" لە دوای ئیفراندەم بەراورد دەکا بە دەخی "جەمال عەبدولناسر" دوای شکستی لە جەنگی دژ بە ئیسرائیل و چەنێتی پەراوێزخستنی هەردووکیشیان دەخاتە ڕوو. هاوکات پەی وایە دەخی گەلی کوردیش هاوشێوەی دەخی گەلی فەڵەستینێ و لە زێر باردا لایەک دەچن. ئەم دوو گەلە هەردووک باجی جوگرافیا و نەبوونی سەرکردەی بەتوانا دەدەن، ئێوان لە نێو خاکێکدا دژین کە خاکی کابەریە، مەیدانی بەرژەوەندی و چاوتێبڕینی زلهێزەکانی جیهانێ، سەرباری هەموو ئەمانەش ناکۆکی ناوخێیی و دەستوەردانی دەرەکی و خەڵکی هێندەی تر لاواز و سەرکزی کردوون.

ئەم کتێبە دەشێت لە زێر ڕووەوە ڕەخنەی لێ بگیرێ، بەڵام هەشتاش وەک بابەتیانەترین کتێبێک دەمێنێتەوە کە تا ئێستا لە سەر ئیفراندەم نووسراوە و بە لایەنانێ شرۆڤەی شکست و کابووندەوەی خۆونی سەربەخێیی کوردی کردبێت. ئەم کتێبە نە لەگەڵدایە و نە دژ، بەڵکو گەڵاڵەوەی مێژووییەکە بە ئاگایی و ئەمانەتەوە و تا ڕادەیەکیش وەک خۆی.

جواد خەلیل

مێژووی شانۆی سریانی.. ن- سەباح هورمز.. و: کامەران حاجی ئەلیاس

ئەگەر یەکەم نمایشی کوردی لە کوردستانی عێراق بەدیارکراوی لە شاری هەولێر لە ساڵی 1921 نمایش کرابێت ، ئەوا یەکەمین نمایش بەزمانی سریانی لە ساڵی 1912 لە شارچکەی ئەلقۆشی سەر بە پارێزگای موسڵ لەژێر ناوی (الملکە استر) نمایش کراوە کە لەلایەن (مەتران ئستیفان کجێ) کاری نووسین و دەرهێنانی بێ کردبوو ، واتە ئەم شانۆگەرییە ،بە 9 ساڵ پێش شانۆی کوردی نمایش کراوە .
ئەگەر ئەو شانۆگەریانەی کە بەزمانی عەرەبی لەلایەن پیاوانی ئایینی، لە موسڵ کە لە کنائیسەکان نمایش کراون بە نمایشی سریانی لە قەڵەم بدەین ئەوا یەکەم نمایشی سریانی مێژووەکەی بێ ساڵی 1880 دەگەڕێتەوە کە شانۆگەرەیەك بووە بە ناوی (ئادەم و حەوا) لەنووسینی (شماس حنا حبش) بووە، هەرچەندە من(سەباح هورمز) ئەو شانۆگەریانەی کەبەزمانی عەرەبی پێشکەش کراون بە شانۆیی سریانی هەژمار ناکەم.
لەبەرئەوەی شانۆی سریانی لەعەنکاوە بەشکە لە شانۆی کوردی لە شاری هەولێر ،بەهۆی ئەوەی شارچکەی عەنکاوە لەشاری هەولێر زۆر نزیکە و وەکو ناحییەك سەر بە شاری هەولێرە ، لەگەڵ ئەوەش دا بەراوردکردنی ئاست ودروست بوونی شانۆ لە عەنکاوە لەگەڵ شانۆ لە هەولێر کارێکی زەحمەتە بەجۆرێك ، بەراوردکرنیشی لە گەڵ شارچکەکانی تری سریانی وەکو بخدیدا و ئەلقۆش زەحەمەتە.
بەردەوام نەبوونی شانۆی سریانی لەگەڵ شانۆی عێراقی و شانۆی کوردی بەتایبەتی لە عنکاوە بەهۆی ئەو ستمکارەی کە بەدرێژایی مێژوو لە لایەن حکومەتە یەك لەدوایی یەکەکان، رووبەرووی گەلەکەمان بۆتەوە ،بەتایبەتی رووداوەکانی سمێل کە بووە هۆی ترس لە قەوارەکەی بکرێت بەجۆرێك سریانەکان واراهاتن کەخێی لەگەڵ ئەو بارووددۆخە بگونجێنێت کەبەسەریان سپێنراوبوو، چ لەرێگەی دامرکانەوەی هەستی نەتەوایەتی یان ناچار کردنی کە پشتگیری لە رۆشنبیری عەرەبی بکەن.
ئەوەی نامێیە شارچکەی عەنکاوە، بە دەیان پەروەدکار و ئەندازیار

و پزیشك و خاوەن بۆوانامەی بەرزی بەرهەم هێناوە کەجێ پەنجەیان لە نێو شارەکانی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی دیارە، بەڵام لەم بوارە هونەرەیە شارستانیەدا دەستەوەستان بووە تەنیا ژمارەیەکی کەم لە شانۆکارانی بەبەراورد، بە بوارەکانی تر بەرهەم هێناون ، هۆکارەکە سەرەکییەکەی بێ بڕوونی خۆم، بێ پەروەردەی دایك و باوکان دەگەڕێتەوە کە هانی نەوەکانیان دەدات لەخوێندن سەرکەتووبن و بۆوانامەی بەرز بەدەست بێنن،بێ ئەوەی لە زانکۆییەکان وەربگیرێن بەجۆرێك بڕوونیان لەسەر هونەر بەگشتی و شانۆ بەتایبەتی بڕوونکی کراوەیی نەبوو.
لەگەڵ بووژانەوە شانۆ لە شاری هەولێر کۆمەڵی لە ئارەزوومەندانی شانۆ لە شارۆچکەی عەنکاوە دەرکەوتن بەتایبەتی لە سەرەتایەکانی حەفتایەکانی سەدەی رابردوو ، بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەبوونی تیپێکی هونەری فەرمی مۆڵەت پێدراو ،بێ ئەوەی ئەو ئارەزوومەندانە کۆبکاتەوە ، بێ نمایشەکانیان، زیاتر پشتیان بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵایەتی دەبەست بێیە لە کاروانەکە بەردەوام نەبوون لە دیارترینیان: زوهێر عبدولمەسیح ، سەعدی ئەلمالح ، جۆرج مەنسۆ ، ئەکرەم نوری ، بترس هرمز ، رەفیق نوری ، لە گەڵ نووسەری ئەم وتارە (سەباح هرمز).
هەرچەندە کۆمەڵی ئاستەنگ وکێشە ڕووبەڕوی ئەم کۆمەڵە گەنجە بوویەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا لە حەفتاییەکان توانیان کۆمەڵێ لە شانۆگەری پێشکەش بکەن وەکو شانۆگەری (شمعدانات الاسقف) کەلە ڕمانی (البوسا) ئامادەکرابوو لەگەڵ شانۆگەری (راتب شهر) لە نووسینی سوبحی خزعەلی بوو یەکەمیان بەزمانی عەرەبی پێشکەش کرا ئەوی تریان بە زمانی سریانی بوو ،هەردوو شانۆگەرییەکە لە دەرهێنانی (زوهێر عبدولمسیح) بوو، بەڵام نووسەری ئەم وتارە (سەباح هرمز) کاری دەرهێنانی بێ سێ شانۆگەری کردوە کە بریتیتن لە شانۆگەری (الانتصار) لەنووسینی سەعدی ئەلمالح، شانۆگەری (تومر بیك) لەنووسینی یوسف ئەلعانی ، شانۆگەری (من الاتی) لەنووسینی داود زیا، هەرسێ شانۆگەرییەکە بە زمانی عەرەبی پێشکەش کرا، هەر لە هەشتایەکان هونەرمەند ڕەفیق نوری حەنا شانۆگەری لەرووداوە گرنگەکان لە ژیانی مەسیحا پێشکەش دەکات.
ئەگەرچی نمایشەکان لەرووی زمانەوە زمانکی خڕسك بوون ، بەڵام کەشکی باشی بێ کۆمەڵێ لاوی عنکاوەی خوقاند بێ ئەوەی عەشقی هونەری شانۆ بن تا ئەو رادەیەی هەندکان بچنە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان چەندین شانۆگەری نماش بکەن وەکو: ڕەفیق نوری ، خەلیل لقا ، سامی سیوە ، مهەند بترس ، سیروان بترس ،فوئاد سەوە. وەکو بەگەنامەیەك بێ مژوو دەبێ ئەوە بزانین یەکەم هونەرمەند کە

لە عەنکاوە دەرچووی کۆلێژی هونەر- بەغدا بۆت خودا لێی خۆشبێت (دنحا بێیا) بوو،لەگەڵ هەمان ئەو خوولەی هونەرمەند ئەحمەد سالاربوو وە هونەرمەندی دووەم زوهێر عەبدولمەسیح بوو.
بەپێوەری سەردەم وکاتەکان مۆژووی سەرهەڵدانی شانۆیی سریانی بەبەراورد بە شانۆی نەتەوەکانی تر لە عێراق وەکو شانۆی عەرەبی شانۆی کوردی و شانۆی تورکمانی شانۆی سریانی درێژترین و کۆنترین شانۆیە لە ناوچەکە ، بەهۆی ئەوەی مۆژووی لە دایك بوونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1880 ، چەندلەکۆینەوەیەك دەریدەخەن کە شانۆی سریانی پێش ئەم مۆژووە هەبووە لەو کاتەی شانۆی عێراقی لە سەدەی رابردوو بە دیارکراوی لە ساڵی 1922 سەریهەڵداوە وە شانۆی کوردی لە ساڵی 1921 لە دایك بووە واتە شانۆی سریانی بە(42) ساڵ پێش شانۆی عێراقی بووە وە بە(41) ساڵ پێش شانۆی کوردی بووە.
لە خۆبایی بوون نییە ئەگەر مۆژوو دووبارە بۆتەوە و شارستانییەتی شکۆی ئاشووریەکان دووبارە بۆتەوە ، یەکەمین تروسکەی لە کۆنترین شار کەلەمۆژوودا ناسانرابێت ئەوە شاری نەینەوایە کە کاریگەری لەسەر هەموو شانۆکارانی عێراقی و کوردی دا هەبووە ، چەندین دەقی شانۆیان لەنووسەرکانیان ورگرتووە باشترین بەگەش بۆ ئەمە دەقی(الامیر الاسیر) لە نووسینی (نەعوم فەتحوڵا سحار) کە لەشاری هەولێر پێشکەش کراوە ، ئەگەر بەوردی و بابەتییانە بچینەنێو تەمەنی راستەقینەی شانۆی سریانی ، بەرەچاو کردنی ژمارەی ئەو شانۆگەریانەی کە لەماوەی سەدەونیوەك،پێشکەش کراون لەرووی ئاستی هونەرەیان بەبەراورد بە ئاستی ئەو شانۆگەریانەی کەلەلایەن شانۆکارانی عێراقی و کورد پێشکەش کراوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەراوردەکە بەتەواوەتی پێچەوانە دەبێتەوە واتە تەمەنی شانۆی سریانی زۆر کورترە لە تەمەنی شانۆی هەردوو نەتەوەکە (کورد و عەرەب) چونکە دەبێ لە رووی ئاستەوە بەراورد بکرێت.

هۆکارێکی تری کە شانۆ لە عەنکاوە لە نێو کاروانی شانۆی سریانی لاوازە بوو بێ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەسەردەمی رژێمی بەعسی لەناوچوو دەرفەتی بە شانۆکارنی نەدەدات نمایشەکانیان پێشکەش بکەن بەهۆی ئەوەی ئەوانەی لەو بوارە کار دەکەن ، سەر بەلایەنی سیاسین . بێنموونە لە ناوەڕاستی حەفتاییەکان دەسەڵات لەرگەی رۆکخراوی بەعس لەعەنکاوە، رۆگەی نەدا شانۆگەری (الحزیز) لەنووسینی مەکسیم گۆرکێ پێشکەش بکرێت بەهۆی ئەوەی ستاقی شانۆگەرییەکە لایەنگری حزبی شیوعیین ئەمەشمان لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 بۆ دەرکەوت ، ئەوەی جێگای پێکەنییە ئەوەی دەقەکەی خوێندێتەوە بۆ مەبەت دان دوور و نزیك پەیوەندی بە شانۆ نەبووە لە ژیانیدا یەك دەقی شانۆیی

نەخوێندەوە و یەك شانۆگەریشی نەبینیوە ، بگرە زۆریش لە بواری شانۆ دوور بووە.

بۆ مێژوو دەڤم شانۆکارانمان، لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991ی گەلی کوردستان نەیان توانییوە دەرفەتەکان بقۆزنەوە ، دامەزراندنی هەردوو تیپی (عەشتار) و تیپی(شمشا) بەداخەوە نەیان توانی بەباشی بە گیانی قوربانی دان و راستگۆیانە هەڵس و کەوت لەگەڵ هەردوو تیپەکە بکەن بۆ ئەوەی ئەم هونەرە شانۆییە بەرەو ئاسۆیەکی گەش وباش ببن و جگە لەوەش هەندێك بەربەست و ڕێگری تر هەبوون بۆیە تیپەکان نیان توانی پەرە بەکارەکانیان بدەن تا ئەو رادەی ئێستا هەردوو تیپەکە نەماوەن.

ئایا ناسیونالیزمی ئایینیی کوردی هەیە؟.. نووسینی: عەتا قەرەداخی

مەبەست لە ناسیونالیزمی ئایینی کوردی چیە؟ ئایا دەشێت لە کەمێگای کوردیدا ناسیونالیزمی ئایینی پێکبێت و بتوانێت ببێتە هێگری گوتاری دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی؟ ئایا ئۆگەر ناسیونالیزمی ئایینی کوردی دروست بێت، پایەکانی بنەما ڕەحی و عیرفانی و تەسەوفیەکانی ئیسلام دەبێت، یان لە ئیسلامی سیاسیەوە سەرچاوە دەگرێت؟ ئایا کامیان پێگەیەکی بەهێزتریان هەیە لە کۆنستی کەمایەتی کەمێگای کوردیدا، ئیسلام وەکو پەیام، یان ئیسلام وەکو سیاسەت؟ ئاشکرایە ئیسلام وەکو پەیام و وەکو ئایینی خێک لەسەردەمی فەتحی ئیسلامیەوە گەیشتووەتە کوردستان و بووەتە ئایینی خێک. بەڵام ئیسلامی سیاسی مێژوویەکی کورتی هەیە لە کوردستاندا.
لە دوای دروستبوونی ئیسلامی سیاسی بۆ تایبەتی ئیخوان موسلیمین لە کەتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە میسرو بەاوبوونەوەی لە نیشتیمانی عەرەبیدا لە ناویشیاندا عێراق، وادەردەکەوێت لە یگای عێراقەوە بیرو ئایدیۆلۆجیاو ڕەکخراوە لە شستەکانی

سەدەی رابردوا گەیشتبۆتە باشوری کوردستان و لە ساڵی هەشتاکانی سەدەی رابردووەوا، بە تایبەتی بە کاریگەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران هەم لە کوردستاندا و هەم لە جوگرافیای سونەی عێراقدا شوێنکەوتوانی ئیخوان زیاتر پەرەیان سەند. هاوکات لە جوگرافیای شیعەی عێراقدا پارتە سیاسیە شیعەکان کە راستەوخۆ سەربە ئێران بوون پەرەیان سەند. لە باشوری کوردستان لە ساڵانی هەشتاکانداً، پارتی ئیسلامی دەستی دایە چەک و شانبەشانی پارتە سیاسیە کوردیەکان لە شاخ بوو. بەگومان سەرباری ئەوەی کە ئەم پارتە ئیسلامیە ئیلهامی لە ئیخاون موسلیمینەوە وەرگرتبوو، پارتێکی سونەی ئیسلامی بوو، بەڵام پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ ئێراندا هەبوو. هەر بە کاریگەری کەماری ئیسلامی و لەگەڵ ئەو رابوونەوە ئیسلامیەی کە لە چارەکی دوایی سەدەی بیستدا سەریهەڵدا، نەک هەر کوردستان بەڵکو شۆڕشی رابوونەوەی ئیسلامی تورکیایشی گرتەوە و پارتی رەفای ئیسلامی تورکی دروستبوو. لە سەروبەندی شۆڕشی ئیسلامیدا حیزبوەای کوردی لە باکوردی کوردستان دامەزرا..حیزبوەای کوردی سەربە مەزهەبی سونەن، دامەزراندنیان لە ساڵی ۱۹۷۹دا، بەشێوەیەکی لەبەرچاو بە کاریگەری شۆڕشی ئیسلامی بوو. لە ساڵانی ۱۹۹۰کاندا زۆر نزیکبوو لە حکومەتی ئێرانەوە(۱)..لە پاڵ شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا، پەرەسەندنی لقی کوردی ئیخوان موسلیمین لە سوریاو، رووداوە تووندوتیژەکانی حەمای سوریا لە ساڵی ۱۹۸۲ دا و رابوونەوەی ئیسلامی جیهانی راستەوخۆ کاریگەریان لەسەر پێگەی حیزبوەای کوردی لە تورکیا هەبووە(۲). لە ساڵی ۲۰۰۰ دا، پاڵیسی تورکیا حیزبوەای کوردی هەڕەشاندەوە، کە تاوانبارکرابوو بە هەوەدان بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی(۳). لە دوای هەڕەشاندنەوەی ئەم پارتە ئیسلامیە پارتێکی تر لە پاشماوەو زیاتر ڕەخستنەکانی ئەم پارتە دروستبوو بە ناوی هوداپار کە ئەمیش سەربە ئێران بوو.

بەرنامەکەی دوو پایەی هەبوو قورئان و نەریت(٤). بەچوونی لەوجەر هەبوو لە باکوری کوردستان کە دەیگوت ئەو پارتە سیاسیانەی کە لەوە دروستبوون چەپ و عیلمانین و هیچ کام لەوانە نوێنەرایەتی کوردی مسوڵمان ناکەن و ئەوەش وادەکات کە لە هەڵبژاردندا رووبەڕوبەکی فراوان لە کوردی مسوڵمانی کەنەپارەزو نەریتی دەنگ بە پارتی دادو گەشەپەدان بدەن، بۆیە ..پەویستبە دامەزراوەیەک هەبێت کە پەکەوە دەنگ بە چارەسەری ئیسلامیانە بدات و پشتگیری کوردو بڕیاری کوردایەتیش بکات(۵). لە شاڵاوی هەڵبژاردنی پەرلەماندا ساڵی ۲۰۱۵، سەیت شاهین لە بەردەمی خەڵکدا گوتی: ئەمە دەماوەت داوای پشتگیری بکەین بە ئەوەی ببینە دەنگی ئیسلام لە پەرلەماند(٦).

بەگومان حیزبەکانی کوردی و هوداپاریش وەکو دوو پارتی ئیسلامی بەردەوام لەگەڵ پارتە کوردییەکان بە پارتی کرێکاران و پارتە مەدەنیەکانی تریشەوە ناکۆک بوون و دوژمنایەتیان دەکردن و ناڕاستەوخۆ لەبەر دژایەتی پارتە کوردیەکان بوونەتە هاوپەیمانی پارتە ئیسلامیە تورکەکانی وەکو پارتی سەعادەت و پارتی دەنگی خەڵک و پارتی دادو گەشەپێدان کە پارتی فەرمانڕەواو خاوەن دەوڵەت بوو.

بەئاشکرا دیارە کە ئەم دوو پارتە سیاسیە ئیسلامیەی لە باکوردی کوردستان و لەناو کۆمەڵگای کوردیدا دروستبوون بە پلەی یەکەم ئیسلام بوون و وەکو خۆیان دەڵێن ویستوویانە نوێنەرایەتی ئیسلام بکەن لە پەرلەمانی تورکیادا، یان چارەسەری ئیسلامیانە بە کێشەکان بدۆزنەوە، دیارە مەبەست لە کێشەی کوردیش. ئەگەر ئەم پارتە ئیسلامیە کوردانە بەرنامەیان نوێنەرایەتیکردنی کوردی مسوگەمان بوایە لە پەرلەمانی تورکیا، یان بەرنامەی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی ئیسلامی کوردییان هەبووایە، هەرچەن پارتی دادو گەشەپێدان و پارتە ئیسلامیە تورکەکانی تر زیاتر لە ناسیونالیستی عیلمانی تورک پارێزەری دەوڵەتی نەتەوەیی تورکن و هەرچەن شیعەی ئیسلامی دەوڵەتی شیعەی ئێرانی دامەزراندووەو تەشەیوع و ئێرانیبوون و لە پشتی ئەوشەوە فارسیبوون و پاراستن و بەهێزکردنی ئامانجی سەرکیەتی. ئەگەر ئەم پارتە ئیسلامیە کوردانە بەرنامەی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی کوردییان هەبووایە، ئەوا مانای ئەوەبوو کە ئەمانە ناسیونالیزمی ئایینی کوردین. بەڵام لە راستیدا ئەم دوو پارتە ئیسلامیەی باکوری کوردستان دوو پارتی پان ئیسلامی بوون و نەک بە ئاراستەی کوردبوون یان بەکوردی کردنی گوتاری ئیسلامی هەنگاویان نەناوە بەڵکو بە ئاراستەی بە ئیسلامیکردنی کوردو تواندنەوەی کورد لەناو ئەوانی ئیسلامدا کاریان کردووە. بە مانایەکی تر ئەم پارتە ئیسلامیە کوردییانە نەک هەر لە چوارچێوەی ناسیونالیزمی ئایینی کوردیدا جێگایان نابێتەوە، بەڵکو بوونیان کاریگەری نەرێنی لەسەر گوتاری کوردی و کاوازکردنی هەبووە.

ئاشکرایە لە ماوەی گەیشتنی بیرو ئایدیۆلۆجیاو ڕێکخستنی ئیخوان موسلیمین بە عێراق، ئیسلامی سیاسی گەیشتووەتە کوردستان و شونکەوتووان یان لایەنگرانی ئیخوان لە باشوری کوردستانیش پەیدابوون. لە دوای ڕوخاندنی میرنشینەکانەوە، قۆناغێک دەستیپێکرد کە شێخ و سەیدەکان بە تایبەتی شێخەکانی هەردوو ڕێبازی نەقشەندی و قادری یان سەیدەکانی عەلەوی ڕابەرایەتی ڕاپەڕینەکانیان لە کوردستاندا کردووەو ڕاپەڕینەکانیش بەو ئەندازەی پاڵنەری نەتەوەیی

لە دوایانەوە بووە، ئەوەندەش پانتری ئایینی کە مەبەست ئایینی ئیسلام و رێبازەکانی تەسەوفی ئیسلامیە لە پشتی ئەو راپەڕینانەوە بووە. تا گەیشتنی کاریگەری ئیسلامی سیاسی بە کوردستان، ئیسلام زیاتر لەوەی بەرنامەی سیاسی بووبێت، ئایینی کەمەڵگا بووە. واتە کەمەڵگای کوردی کە شۆڕشگێڕوتووی ئایینی ئیسلام بووە، کەمەڵگایەکی دابەزاو نەبووە لە ئایین، بەڵکو لە ئاستێکی بەهێزدا ئایین تیکەڵاوی ژیانی کەمەڵایەتی و سیاسی ئەم کەمەڵگایە بووە. بەڵام ئەوەی پێ دەگوترێت ئیسلامی سیاسی لە کەمەڵگای کوردیدا مێژوویەکی تازەی هەیە و سەرهەڵدانەکی وەکو رابوونەوەی ئیسلامی لە کەمەڵگای کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی هێشتاکانی سەدەی رابردوو، کە پارتی ئیسلامی و تەنانەت بزوتنەوەی چەکداری ئیسلامیش لە کوردستان دروستبوو. بەگومان هەڵکارێکی گرنگی دەرەکی کە ڕۆڵی گرنگی بینیووە لە دروستکردنی پارتە ئیسلامیە سیاسیەکانی ناوچەکەدا، دروستبوونی کەماری ئیسلامی ئێران بوو لە ساڵی ١٩٧٩دا.

لە پێناوی ئەم پارتە ئیسلامیەدا ئەوە هاتووە کە بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان وەکو یەکەم بزوتنەوەی ئیسلامی چەکدار لە باشوری کوردستان لە ساڵی ١٩٨٧ دا دەرکەوت. هەرچەندە پێشتر ڕەخنەی (پێوەندی ئیسلامی) هەبوو کە شێخ محەمەدی بەرزنجی دروستیکردبوو، دواتر لەگەڵ بزوتنەوە تەکەڵاوبوو. بزوتنەوەی ئیسلامی، بزوتنەوەیەکی پەروەردەی جیهادی ئیسلامیە، لەسەر پێناوی ئەهلی سونەت و جەماعەت کاردەکات بۆ چەسپاندنی فەرمانڕەوایی شەریعەتی ئیسلام و مافە ئیسلامیەکان لە کوردستاندا. پاشان لە ساڵی ١٩٩٩بزوتنەوەی ئیسلامی لەگەڵ بزوتنەوەی ڕاپەڕین یەکیانگرت و بزوتنەوەی یەکبوونیان پێکهێنا. بەڵام ئەم یەکبوونە درێژەی نەکێشاو بزوتنەوە دابەشبوو بە سێ بەش کە یەکێکیان بە ناوی بزوتنەوەوە مایەوە، ئەوانی تریش بریتیبوون لە کەمەڵەی ئیسلامی و جوندولئیسلام. هەبەت باڵکی تریش هەبوو بەناوی باڵی ئیسڵاح و لەگەڵ جوندولئیسلام یەکیانگرت و ئەنسارولئیسلامیان پێکهێنا. روانینی ئەو بەشانەی لە بزوتنەوەی ئیسلامی جیابوونەوە بە دەزی کوردو بابەتی نەتەوایەتی جیاوزنەبوو لەو روانینەی کە هەر لەسەرەتاوە بزوتنەوە هەیبوو کە چەسپاندنی فەرمانڕەوایی شەریعەتی ئیسلامی بووە. بەگومان پەیوەندیەکی ئەوتەی بە مەسەلەی نەتەوایەتیەوە نەبوو.
کەمەڵەی ئیسلامی کە دوای جیابوونەوەی لە بزوتنەوە، وەکو پارتەکی ئیسلامی کوردی، لە ڕووی پێگەی جەماوەریی و ئامادەبوونی لە بزوتنەوە بەهێزتر بووە. کەمەڵە کە ئەستانەوکەی گەیاوە بە دادگەری، ئەمیش پارتەکی ئیسلامی سیاسیە و ڕەکاری سونەت و جەماعەت

جەجە دەکات. هەبەت هەرچەن بزوتنەوە لەژێر کاریگەری کەماری ئیسلامیدا بووەو تاکو ئێستاش هەربەوجۆرە ماوەتەوە، بەهەمان شێوە کەمێی ئیسلامیش سەرباری پەیوەندی باشی لەگەڵ پارتە ئیسلامیە سونەکانی عێراق، لە ژێر کاریگەری کەماری ئیسلامی دەرنەچووەو پەیوەندی لەگەڵ ئیرانیش باشەو ئەمیش وەکو پارتەکی ئیسلامی سیاسی گوتارەکەی لەسەر بنەمای ئایین بنیادنراوەو کەمتر ڕەگەزی کوردبوونی پێوە دیارە.

پارتەکی دیاری تری ئیسلامی سیاسی لە باشوری کوردستاندا یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە. یەکگرتوو پارتەکی ئیسلامی سونەیە لە ساڵی ١٩٩٤ دا لە باشوری کوردستان دامەزرا. بە پێچەوانەی بزوتنەوەو ئەوانەی لە بزوتنەوە جیابوونەتەوە، کە لە ژێر کاریگەری کەماری ئیسلامیدان، یەکگرتوو لەژێر کاریگەری ئیسلامیەکانی تورکیا یان باشتر بڵێین لەژێر کاریگەری پارتی دادو گەشەپێداندایە کە پێشتر عەبدوڵا گویل و ئێستاش ڕەجەب تەیب ئەردۆگان کە سەرۆک کەماری تورکیایە، سەرکایەتی ئەو پارتە دایکە دەکات کە یەکگرتوو شوێنکەوتووی ئەوە. دروشمە سەرەکیەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بریتیە لە سیانەی ئازادی، بڕایەتی، دادپەروەری و بە پێچەوانەی پارتە ئیسلامیەکانی تر، کە یەکگرتوو پارتەکی مەدەنیە و لە قەناغی شاردا دروستبووەو بە ئەمیندارو زڕینەی سەرکردەکانیەوە ئایینداری ئەفەندین لەبری چەک قسەمیان هەیە. یەکگرتوو دەڵێت پارێزگاری لە ماف و دەستکەوتە دەستوریەکانی کورد دەکات.

کەواتە با لێرەدا بپرسین ئایا گوتاری ئەم پارتە سیاسیە ئیسلامیانەی باشوری کوردستان لە کۆی گوتاری ناسیونالیزمی کوردیدایە؟ ئایا گوتاری ئەم پارتە ئیسلامیە سیاسیانە زیاتر پەیوەندیدارە بە کوردەوە یان گوتاری هەردوو ڕەبازی قادری و نەقشبەندی؟ ئایا هیچ کام لەم پارتە ئیسلامیانەی کوردستان دەچنەوە سەر ڕەگای شێخان و ڕەبەرانی قادری و نەقسبەندی؟ ئایا ئەم پارتە ئیسلامیە سیاسیانە میراتگری مەژووی چواردە سەدەی مسوڵمانێتی کوردن یان لەبەر ئەوەی بە کاریگەری ڕابوونەوەی ئیسلامی و ئیسلامی سیاسی ناوچەکە دروستبوون نامەن بە واقیعی کوردەواری؟ ئایا ئەم پارتە ئیسلامیە سیاسیانە دەتوانن ببنە هێگمۆنی گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی کوردی و بەرنامەی دەوڵەتی ئیسلامی کوردییان هەبێت؟ یان بەکاریگەری ئایدیۆلۆجیای سیاسیان وابەستەی پایتەختەکانی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستە ئیسلامیەکانی کوردستانن؟
ئەگەر سەرنجی پێناسەی ئەم پارتە ئیسلامیانەی کوردستان بدەین، کە

بگشتی وشەی کوردستانیان لکاندووە بە ناوکانیانەوە، وەها پێناسەی خۆیان دەکەن کە پارتی ئیسلامی سونەن و پێیانوی سونەت و جەماعەت دەکەن و لە پێناوی بەها ئیسلامیەکان و ئازادی و دادپەروەری و برایەتیدا تێدەکۆشن. بزوتنەوەی ئیسلامی و ئەوانەی لەی جیابوونەتەوە بە چەسپاندنی فەرمانڕەوایی شەریعەتی ئیسلام و مافە ئیسلامیەکان لە کوردستاندا خەبات دەکەن. ئەم دەربڕینە ئەوە نیشان دەدات کە هەڵگرانی ئەم تێڕوانینە کوردستان وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ سەیردەکەن و لەژێر سایەی فەرمانڕەوایەتیەکی عیلمانیدایە، ئەمان دژایەتیەوت بیگەڵەن بە فەرمانڕەوایەتیەک لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلام بنیاد بنرێت. واتە ئەم ئاراستەیەی پارتە ئیسلامیەکانی کوردستان خۆیان لەوە دوورخستۆتەوە کە کوردستان وەاتێکی داگیرکراو و دابەشکراوو دەوڵەتانی ئەو سێ نەتەوە لە ئیستادا شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەی دەستوریانەو کەچی هیچ مافێک بە کورد رەوا نابینن و تانانەت هەر چوار دەوڵەتی ئیسلامی کە کوردستانیان داگیرکردووە، بەوایان بە جیاوازی ئیتنیکی و نەتەوەیی نیەو لەسەر بنەمای ئایین یەکێتی خاکی نیشتیمانە بە زەر داڕژراو و دروستکراوکانیان کردۆتە بنەما بە ئینتیما نێک بنەمای ئیتنیکی. ئاشکرایە گوتاری ئیسلامی گوتارێکی نەونەتەوەییە، بەڵام بەمەرجێک گوتاری نەتەوەی هەژموندار گوتاری بادەست و بەیاردەر بێت. واتە گوتاری ئیسلامی بە عەرەب و تورک و فارس گوتاری ناسیونالیزمی ئایینیەو رەوایەتی داوە بە داگیرکردنی نیشتیمانی کورد لە لایەن دەوڵەتانی ناسیونالیستی ئایینی ئەم سێ نەتەوەوە. کەواتە لە کاتێکدا گوتاری ئیسلامی بە ئەو سێ نەتەوەیە گوتاری ناسیونالیزمی ئایینیە، بەڵام بە کورد گوتاری کۆنیالیست یان داگیرکەرە. گوتاری بزوتنەوەی ئیسلامی و ئەو پارتە ئیسلامیانەی تری کوردستان کە لە هەناوی ئەوەوە لە دایکبوون، هەمان بڕچوونی دەسەڵاتی خەلافەتیان هەیەو ئەوان لە بری دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی، دەوڵەتێکیان دەوێت کە فەرمانڕەوایی شەریعەتی ئیسلام و مافە ئیسلامیەکان بچەسپێنێت لە کوردستاندا. ئەوان تێدەکۆشن کە فەرمانڕەوای ئەو دەوڵەتە خەیان بن. خە ئەگەر هاتوو خەیان نەبوون، بەگومان بەڵایانەوە پەسندترە کە عەرەب و فارس و تورکی مسوڵمان فەرمانڕەوایی کوردستان بکەن، نەک فەرمانڕەوایەتیەکی عیلمانی کوردی، تانانەت ئەگەر ئەو فەرمانڕەوایەتیە تانیا بە ڕوکەشیش عیلمانی بێت وەکو ئەو عیلمانیەتە ڕووکەشەی پارتی و یەکێتی. هەر لەڕەوە ناکۆکی و شەڕی زۆری نێوان ئیسلامیەکانی کوردستان و دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی لەوەوە سەرچاوەی گرتووەو هەر پاساوێکی تر بە ناوی گەندەڵی و نەبوونی دادپەروەری و ئازادی لە سیستەمی فەرمانڕەوایی یەکێتی و

پارتیدا تەنیا بە شاردنەوەی ئامانجی ناکوردی و ناکوردستانی پارتە ئیسلامیە سیاسیەکانی کوردستانە. ئەگینا پارتە ئیسلامیە سیاسیە چەکدارەکان هەمان شێوەی پارتە کوردیەکان و خراپتریش دەستیان بە خوێنی زۆر لە رۆڵەکانی کورد سوورەو لە هەر شوێنکیش دەستەاتیان هەبووبێت، هەموو ئازادیەکیان لێناوبردووەو لەسەر بیروڕای جیاوازیش هەتا بواریان هەبووەو توانیوویانە رێگای نادیموکراتی وناشارستانییان لەبەرگرتووە. لە کاتی بە دەستەاتیشدا بەرامبەر ڕای جیاواز یان ڕەفتاری نەگونجاو لەگەڵ گوتاری ئەواندا دەنگی ناڕازایان بەرزکرەتەوە.

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وەکو پارتەکی ئیسلامی سونە کە دروشمەکانی ئازادی و برایەتی و دادپەروەریە، ئەمیش کوردستان بە ناوەکیەوە لکێنراوە. بەڵام لە ڕووی بەرنامەو ستراتیژەوە نابینرێت باسی کوردو سەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتی کوردی بکات مەگەر بە ڕووکەش و بە ڕاگرتنی هەستی خەڵک. بەگومان ئەمیش هەوڵدەدات دەستەاتکی ئیسلامی سونە لە کوردستاندا دابمەزرێنێت. ئەم پارتە تاکو ئێستا خەباتی مەدەنی دەکات و هەوڵدەدات لە ڕێگای هەڵبژاردن و بەدەستهێنانی دەنگەوە بگات بەدەسەاتیش. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت پارتە ئیسلامیەکان لە باشوری کوردستاندا لە قۆناغێکدا گەشەیان کرد، بەڵام لە ڕوخاندنی سەدامەوەو بە تایبەتیش لە دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بەرەو لاوازی زیاتر ڕێشتوون و پەدەچێت ئەو زەمینە کەمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و نەودەوڵەتیەی ئەوان تیایدا گەشەیان کرد و لەبارو گونجاو بوو بە بەهێزبوون و جەماوەریبوونی ئەوان، گەڵانی بەسەردا هاتبێت و بەرەو لاوازبوون چووبێت. هەرئەوەش وایکردبێت لەم هەڵبژاردنانەی دوایدا لیستە ئیسلامیەکان لە ڕووی دەنگدانەوە پاشەکشە بکەن.
بەهارحاڵ سەرباری نەبوونی خاڵێکی دیار لە بەرنامەو کاری یەکگرتووی ئیسلامیدا سەبارەت بە سەربەخۆیی و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، بەڵام یەکگرتوو دەڵێت پارێزگاری لە ماف و دەستکەوتە دەستوریەکانی کورد دەکات. ئەم خاڵە تا ئەندازەیەک گوتاری یەکگرتوو لە گوتاری ئیسلامیەکانی تری کوردستان جیادەکاتەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە لەوە بەئاگاین کە ئیسلامی سونە گوتاری ناوەندی دەستەاتی ئیسلامیەو بەوپەڕی پارتە ئیسلامیە سونەکان هەڵگری گوتاری خەلافەتن و ئەوەش مانای هەموو مسوڵمانان بە ڕەچاوکردنی جیاوازی ئیتنیکی و نەتەوەیی هاووەاتی دەوڵەتی خەاڵفەتن. ئەم گوتارە لە سەردەمی خەلیفەکانی راشیدینەوە هەتا ڕوخاندنی دەوڵەتی عوسمانی گوتاری بااڵدەستی دەوڵەتی خەلافەت بووە. هەر لەبەرەو پێوەندی

پێکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ دەسەڵاتی دووەمی ئیسلامی سیاسی سوننەدا دەردەکەوێت بە نموونەی دووەمی تورکیا بە سەرکایەتی پارتی دادوگەشەپەسەندان کە لەو رووەوە خۆی بە جگرەوەیان دەژمێراوی دووەمی خەلافەت واتە عوسمانی دەزانێت.

یەکگرتووی ئیسلامی باسی پارێزگاریکردن لە ماف و دەستکەوتە دەستوریەکانی کورد دەکات. لەرەدا دیارە مەبەستی یەکگرتوو ئەو خاڵانەی دەستوری عێراقیە کە گوایە تیایدا دان بە بەشەک لە مافەکانی کورددا نراوە. ئەوەی لە دەستوری عێراقیدا وەکو ماف و دەستکەوتی کورد دیاریکراوە ناوەنانی عێراقە وەکو دووەمێکی فیدراڵی و دانانە بە کوردستانی پێش نەورۆزی ساڵی ٢٠٠٣دا وەکو دەسەاتێکی فیدراڵی. دیاریکردنی ئەو مژووە واتە نەورۆزی ٢٠٠٣، بە ئەوەیە بگوترێت کەرکوک و رووبەرێکی فراوانی باشوری کوردستان سەربە هەرێمی کوردستان نین. یەکگرتوو ئەو مافانە دەپارێزێت کە لەو دەستورەدا هاتوون. بەگومان ئەو خاڵەی ناو دەستوری عێراقی بە فشاری زۆرینەی عەرەب و بە تایبەتی شیعە سەپێندراوەو لە دوای ئەو دەستورەش ئەستەمە کەرکوک و ئەو ناوچانەی تر بنەوە سەر کوردستان. کەواتە یەکگرتووی ئیسلامی پێویست بە کورد پارێزگاری لەو شتانە دەکات کە دەستوری عێراقی دانی پێداناوە، کە ئەویش لە ئاستی یەکەمدا هەشتنەوەی هەرێمی کوردستانە وەکو بەشێک لە عێراق و هەشتنەوەی کەرکوک و ناوچەکانی تری ژێر سایەی حکومەتی ناوەندیە لە ژێر دەستی حکومەتی ناوەنددا. واتە لەم رووەوە گوتاری یەکگرتووی ئیسلامی گوتارێکی عێراقیە و بەو روانینە کاردەکات کە مانەوەی کورد لە سایەی دووەتی عێراقدا بردەوام دەبێت و ئەم پارێزگاری لە ماف و دەستکەوتە دەستوریەکان دەکات، چونکە هەرگیز حکومەتی عێراقی بە پێی ئەو دەستورەی داینراوەو کوردیش لەگەڵیدا بەشدار بووە، ڕێگا بە دابەشبوونی عێراق نادات، واتە گوتاری کوردی لە گوتاری عێراقی جیاناکاتەوە. یەکگرتوو پارێزگاری لەو دەستکەوتە دەستوریانە دەکات، ئەو دەستکەوتانەی لە رووی دەستوریەوە حکومەتی عێراقی بە کوردی داوە. بەڵام بەگومان ئەو دەستکەوتانەی لە دەستوری عێراقیدا تەنیا بە نووسین بە کورد دراون، ئەگەر وەکو خەیشیان جەبەجێبکرێن، هەشتا لە رووی گوتاری ناسیونالیزمی خاوەن شوناسەوە شتێکی کەم و ناتەواون، چونکە لە رووی راستی و ڕواڵەتیەوە مافی هەر نەتەوەیەکە دووەتی سەربەخۆی خۆیی هەبێت و خۆی بەڕێوەببات.

لەرەوە دیارە یەکگرتووی ئیسلامی خۆی بە پارێزەری ئەو دەستکەوتانە دەزانێت کە دەستوری عێراق دانی پێداناون. ئاستی ئەو دەستکەوت و

مافانەی کورد، کە دەستوری عێراقی دانی پێداناون لە ئاستی گوتاری ناتەواوی نەتەوەیدان، لە کاتێکدا ناسیونالیزمی ئایینی هەڕگری گوتاری تەواوی نەتەوەیی. بە نموونە گوتاری ناسیونالیزمی ئایینی عەرەبی و تورکی و فارسی لە سەروەری نەتەوەیی هەریەکە لەو نەتەوانەدا پێناسە دەکرێت. بەڵام پارتی ئیسلامی کوردی بەوایان بەسەروەری دەوڵەتی نیستیمان هەیە لەو وڵاتانەدا کە ناسیونالیزمی ئایینی نەتەوە سەردەستەکان فەرمانڕەوان و کوردیش نەتەوەی دووەمو ژێردەستەو پاشکۆیەو هیچ سەروەرییەکی نیە. لەڕەوە گوتاری پارتی ئیسلامی کوردی وەکو گوتاری پارتە شیوعیەکانی ڕابردووی ئەم وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە گوتاری نیشتیمانیە کە دەبێتە گوتاری نەتەوەی دەسەڵات بەدەست، واتە عەرەب و تورک و فارس. لەڕەوە ئاشکرا دیارە کە پارتی ئیسلامی کوردی هەڕگری گوتاری نەتەوەیی نیەو بەو پێیەش پارتە ئیسلامیە کوردیەکان پارتی ناسیونالیزمی ئایینی کوردی نین، بەڵکو پارتی ئیسلامی نیشیمانی ئەو وڵاتانەن کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوەو دەوڵەتەکانیان داگیرکەری کوردستانن. ئەمەش لە ئاستی قوڵدا لەبەرئەوەیە کە بیری ئایینی داننانێت بە ڕەهای ناسیونالیزمدا لە بنیادنانی بنەما ڕەحی و گشتی یان گەردونیەکانی ئایینداء چونکە بنیادی ئایینی بەگشتی بنیادێکی ڕەهایەو سەرچاوەکەی ئیلهام یان وەحیێکی هاتووە لە دەرەوەی کەسەکایەتیبوون، واتە گەوهەری بیری ئایینی گەردوونی یان جیهانیەو دان بە سنوورە ئیتنیکیەکاندا نانێت و جیهان وەکو یەکەیەک دەبینێت و سنوری جیاکەرەوە بە ئەو، هەڵی نەوان بەوادارو بە بەوایە، نەک جیاوازی ڕەگەزی و ئیتنیکی و نەتەوەیی. واتە ئایین و بەو پێیەش گوتاری ئایینی لەسەروی نەتەوەو جوگرافیاوەیە. بەڵام کاتێک ئایین دەبێتە بنەمای دروستبوون و دەرکەوتنی ناسیونالیزمی ئایینی، ئەوا دەبێتە بەشێک لە گوتاری ناسیونالیزم وەکو گوتاری ناسیونالیزمی عەرەبی و فارسی و تەنانەت تورکیش لە هاتنی ئیسلامی سیاسیەوە بە سەر کورسی دەسەڵات لە تورکیادا. بەگومان جیاوازی گەوهەری هەیە لە نێوان بنەماکانی ئایین و نەتەوەداو ئەوەش کاریگەری هەیە لەسەر شێوەی کارکردنی پارتە ئایینیەکان لە ناویاندا پارتە ئیسلامیەکانی کوردستانیش. بەڵام شتێکی دیارو لەبەرچاو هەیە کە کورد وەکو پێکهاتەیەک لە نەتەوە خاوەن سەروەریەکان جیادەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە کورد نەتەوەیەکی دابەشکراو و داگیرکراوەو خاوەنی سەروەری نیەو ئەمەش ئەرکێکی نوێ بە کەی پارتە سیاسیەکان و کەمەگاش دەنێتە پێشەوە، کە بەدەستهێنانی سەروەیە، ئەویش تەنیا لە دروستکردنی دەوڵەتدا دەستەبەر دەبێت. وەکو گوتمان بنەماکانی ئایین و نەتەوە یەکن،

واتە سەرچاوەی ئایین کە خاسیتی پیرۆزیی هەیە لە شوێنکی باڵاوە دێن، شوێنکی نادیار کە لەسەروی مرۆڤەوەیە. نەتەوە لە بنەڕەتدا بوونەکی دنیایی و سیاسیە. هەریەکە لە ئایین و نەتەوە دیانەوەت مانا بە ژیان ببەخشن. بەڵام ناسیونالیزمی ئایینی ڕەکەوتن لە نەوان ئەم جیاوازانەدا ناکات، بەڵکو زیاتر پەوانە ئاینیەکان دەکاتە بنەماو بەکاریان دێنێت بۆ پێناسەکردنی نەتەوەو ئێندامانی نەتەوە(٧). لە ڕاستیدا ناسیونالیزم وەکو بەرهەمی شەڕشی پیشەسازی و عەقڵانیەت و عیلمانیەت دەردەکەوێت. ئەمەش وادەکات کەکردنەوەی ئایین و ناسیونالیزم وەکو دوو ڕەگەزی پێکەوە نەگونجاو و تەنانەت ناکۆک دەردەکەون. لە کاتێکدا مەدەرنیستەکان ناسیونالیزم وەکو بەرهەمی مەدەرنێتە سەیر دەکەن، بیری ئایینی و شوناسە ئاینیەکان وادەبینن لەگەڵ شوناسە نەتەوەییەکاندا نەگونجاو بن. لەسەر ئەم بنەمایە زۆر لە تیۆرانی ئەم بوارە ئایین و نەتەوە وەکو جەگرەوەی یەکتر سەیر دەکەن و چەمکی ناسیونالیزمی ئایینی وەکو یەکگرتنەوەی دوو دژ دەبینن(٨). هەر لەم ڕووەوە لە ڕونگەی مەدەرنێتەوە کەکردنەوەی ئایین و ناسیونالیزم پێکەوە وەکو شتێکی نەگونجاو دەردەکەوێت چونکە بەشێک لەو ئەرکانەی لە ڕووی کەمەڵایەتیەوە کە ئایین پێشتر بینیونی، ناسیونالیزم وەکو جەگرەوەی ئایین ئەو ئەرکە کەمەڵایەتیانە دەبینێت. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە پەرەسەندنی ناسیونالیزمدا جێگایەک بۆ ئەوە نامێنێت کە ئایین کاری کەمەڵایەتیبوون بکات. لە ڕاستیدا ئایین بواری بۆ یەکبوونی کەمەڵایەتی پێکهاتە کەمەڵایەتیەکان بە نەتەوەشەوە کردەتەوە. ناسیونالیزم لەم ڕووەوە وەکو شوێنگرەوەی ئایین دەردەکەوێت و کارەکات و دوای جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی تاکەکەس دەکەوێت و لەڕەشەوە زەمینە بۆ دروستکردن و پتەوکردن و بەهێزکردنی شوناسی دەستەجەمی یان شوناسی گروپ خۆش دەکات.. ناسیونالیزمی نوێ ئایینی خستەتە دەرەوەی ئەوەی کە کارکەرێکی سەرەکی بوت لە پێوەندیەکانی گروپ یان پێکهاتە مرۆییەکاندا. لەم ڕووەوە ئێندرسەن و گیلنەرو هەبزباوم ڕایان وایە ئایین لەگەڵ ناسیونالیزمی نوێدا ناسازێت و دژێ ناسیونالیزم شوێنی ئایین بگرێتەوەو ببێتە ئایینێکی سیاسی.

ئایین خاسێتێکی کەمەڵگای نەریتی بووە کە لە هاتنی ناسیونالیزمی نوێدا شوێنی پێ لێق کراوە(٩). مەبەستی ئەم نووسەرانەی بواری ناسیونالیزم ئەوەیە کە ناسیونالیزم وەکو ئایدیۆلۆجیایەکی کەمەڵایەتی بنەما یان ڕەگوێشەی ئایینی هەیە. هەربۆیە لە دەرکەوتن و گۆشکردنی ناسیونالیزمدا سەرئەنجام ناسیونالیزم پێل

دەکەشیت بۆ ئەو رووبەرانەی ئایین کاریان تێدا دەکات و سەرئەنجام کاریگەری ئایین لەو رووەوە هەکاری بەهێزو یەکەمینی دروستکردنی شوناس و پرۆژەی دەستجەمعی بێت کاتێر دەبێتەوەو کەم دەبێتەوە. بگومان ئەمەی گوتمان روانینی مەدەرنێتەو عیلمانیە بۆ ناسیونالیزم و پێوەندی نێوان ئایین و ناسیونالیزم. بەڵام لەپاڵ ئەم بۆچوونەشدا، دەشێ وەها سەیر بکرێت کە دەرکەوتنی ناسیونالیزمی ئایینی و تەنانەت فاندەمێنتالیزمی ئایینی بگشتی لە ئەنجامی شکستەکانی ناسیونالیزمی عیلمانیدا بێت، لەو رووەوە کە ناسیونالیزمی عیلمانی نەیتوانیووە پێداویستیەکانی تاکەکەس و کەمەگای لە هەموو ئاستەکاندا جیبەجێ بکات، بە تایبەتی لە ئازادی و یەکسانی و برایەتی و لە بەدەستهێنانی سەروەری و لە پیادەکردنی دیموکراسی و دادپەروەری چەمکی هاوولاتیبووندا.
دیسان لێرەدا ئەو پرسیارە سەهەدەدات: ئایا پارتە ئیسلامیە سیاسیەکانی کوردستان وەکو کاردانەوە لە ئەنجامی شکستی پارتە سیاسیە بە رووکەش عیلمانیەکاندا دروستبوون، یان پێداویستی کەمەگای کوردی دروستی کردوون، یان بە کاریگەری سەرهەدانی ئیسلامی سیاسی لە نیشتیمانی عەرەب و دروستبوونی کەماری ئیسلامی ئێران و دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی لە تورکیاو بەدەستگرتنی دەسەڵات لەو وڵاتەدا دروستبوون؟ ئایا پارتە ئیسلامیەکانی کوردستان سودیان هەیە بە پرۆژەی ناسیونالیزمی ئایینەیی کورد یان رەهەی نەرێنیان هەیە؟ ئایا هیچ ئۆگەرێکی ئەو هەیە ناسیونالیزمی ئایینیی کوردی دروست ببێت و دەوڵەتی ئیسلامی کوردی دروست بکات و پارتە بە رووکەش عیلمانیەکان و بەناو نەتەوەییەکان بخاتە پەراوێزەوە؟ بگومان لە روانگەیی نەتەوەییەوە ئەوەی گرنگە بە نەتەوەیەکی دابشکراوی وڵات داگیرکراو رزگاربوونی نیشتیمان و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیە. ناسیونالیزمی عیلمانی یان ناسیونالیزمی ئایینی یان ناسیونالیزمی چەپ … هەرکەس ئەو دەوڵەتە دروست بکات، ئەو دەکەوێتە پێش ئەوانی ترەوە، هەر ئاراستەیەکیش لە داهاتووی کورددا نوێنەتە هەگری گوتاری نەتەوەیی و کار بە سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت نەکات دەکەوێتە پەراوێزەوە و کاروانی پەرسەندنی کەمەگای کوردی بجێی دەهێڵێت و شوێنکی ئەوتە لە مێژووی کورددا ناگرێت.

سەرچاوەکان:

١- کوردەکان، وەرگێرانی عەتا قەرەداخی، سلێمانی، دەزگای جەمال

عیرفان، ۲۰۲۰، ل .۱۰۹
۲- کوردەکان، ، ل. .۱۰۹
٤- کوردەکان، ل .۱۰۹
Shahen, Sait: Interviewed by Firat Erez. Hudapar: The other -5
Kurds. Turkey Agenda, http-www turkeyagenda.com
٦- کوردەکان، ، ل .۱۱۲
۷- کوردەکان، ل.۱۱۲
Greenfield, L., Nationalism: Five Roads to Modernity, -8
Harvard University Press, 1992, p. 67
9- Bruce B. Lawrence, Shattering the Myth, Islam Beyond
.Violence, Princeton University Press, 1998, p. 16

سەرکەمار.. ئەمجەد شاکەلی

لە 2003وە و دوای داگیرکردنی عیراق لە لایەن ئەمریکاوە، بە ناوی دیموکراتی و ئازادی و مافی مرۆڤ و سیاسەتی تەوافوق و تەوازون وشەراکەت و سەدان کەاوبازی و قسەی قەڵەی دیکەوە، بەفەڵەترین و دواکەوتووترین سیستەمکی حوکومەانی بە سەر عیراقدا سەپنرا. سیستەمک، لەسەر بنەمای تائیفی و نەتەوەیی و ئایینزایی، لە لایەن ئەمریکاوە دامەزرا و تا هەنووکە، پێڕەو دەکرەت. ئەم سیستەمە، کەپیەکی گەنتر و دزەوتری سیستمی سیاسیی لبنان بوو و لبنانادنی عیراقی لەکەوتەوە. هەرسە سەرکایەتییە باکەی عیراق، حوکوومەت، کەمار و پەرلەمان، لەنەوان شیعە و سونن و کورددا دابەش کران. سەرکایەتی حوکوومەت، کە گرنگترین و کاریگەرترین و بەدەسەاترین پستە، بوو بە پشکی شیعە. سەرکایەتی پەرلەمان بوو بە پشکی سونن. سەرکایەتی کەمار بوو بە پشکی کورد. عەرەب، کران بە دوو کەرتەوە و لە عەرەبەوە وک نەتەوەیک و نەتەوەی سەردەست و زەرینەی عیراق، کران بە شیعە و سونن. تا ئەمڕۆ، کورد سە جار، پستی سەرککەماریی وەرگرتووە، یککەمیان جەلال تاەبانی بوو و دووەمیان فوئاد مەعسووم و سێیەمیان بەرهەم سالح. پستی سەرککەمار، بەجگە لە بەک پاروپووە و تایبەتمەندی ماددی بە حیزبکەیان و خەیان، هیچی دیکەی بە خەکی کورد و کوردستانییان تەدا نییە. سەرککەمار بەدەسەاترین دەسەاتدارە لە سیستمی

حوکومەتانیی عیراقی دوای بەعسدا. سەرۆککۆماری عیراقی دوای بەعس، هەر هەندێ تاها موحیەددینی سەردەمی سەددام حوسێین دەستی دەووات.

سەرۆککۆمار، کە وەک نیشانە و هێمایەک و ڕووبەکی عیراق، لە دەرەی عیراق دەبینرێت و عیراقیش وەک دەوڵەتێکی عەرەبی دەژمێردرێت، دەکاتە ئەوەی سەرۆککۆمار سەرۆکی دەوڵەتێکی عەرەبییە. دانانی کوردێک بە سەرۆککۆمار و قایلبوونی کورد بەوەی پێستی سەرۆککۆمار وەرگرێت، گەورەترین سووکایەتیکردنە بە عیراق، وەک دەوڵەتێکی عەرەبی، کە سەرۆککۆمارێکی کورد بێت و گەورەترین سووکایەتیکردنە بە کوردیش، کە سەرۆککۆماری دەوڵەتێکی عەرەبی بێت و لە دەرەوە وەک عەرەب بژمێردرێت. ئەو سووکایەتیپێکردنە، ئەمریکا بە سەرشۆکردنی، هەردوو کورد و عەرەب دایهێنا و بە ناشیرینکردنی ڕووی سەرۆککۆماری عیراق. لە یەکەم سەرۆککۆماری دوای ڕووخانی بەعسەوە، ئەو پێستە بەدەست یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بووە و هەیە. تەنیا لە دانانی جەلال تاڵەبانیدا وەک یەکەم سەرۆککۆمار، پارتیی دیموکراتیی کوردستان دژایەتی و ناڕازیی نەبوو بە ئەو سەرۆککۆمارە، ئیدی لە دانانی فوئاد مەعسووم و بەرهەم ساڵحدا، پارتیی بەربژێری کابەری بە هەردوویان هەبوو، لە پێستەکە هەر بوو بە هی یەکێتیی. چۆن عەرەب کران بە شیعە و سوننە و وشەی عەرەب لە قانوونی دانانی ئەو سێ پێستە باڵایانەدا سایەوە، هەر بەو جۆرە بە کوردیش، تا ڕادەیەک و بە کردار وشەی کورد سایەتەوە و وشەگەلی یەکێتی و پارتی جێگەیانی گرتووەتەوە، بەتایبەت لای کورد خۆی و دیارە لەکن عیراقییانیش. سەرۆککۆمار بووەتە تاپۆی یەکێتیی و سەرکی هەرەم بووەتەوە تاپۆی پارتی. کورد، ئەگەر بەک وردبین بووایە، هەرگیز توخنی پێستی سەرکۆماری نەدەکەوت، پێستەک کە هیچی لەباردا نییە و کورد گوتەنی"لاقی مریشکەکی پێ ناکرێتەوە" و دەستەوسان و دەستەپاچە، دەبە چاوەڕێی بەزەیی و دڵڤانی و میهرەبانی دوو سەرکەکەی تری حوکوومەت و پەرلەمان بێت.

جەلال تاڵەبانی، کە یەکەم سەرۆککۆماری کورد بوو لە عیراقدا، بەو هەموو کاریزما و لەبڵەبانی و زارقەرباغی و زمانە لەچەرخدراوەی و بەو هەموو فرتوفێڵ و تەکەبازی و پەوەندداری و لەزانین و هەڵپەرستی و ڕەنگگۆڕین و دووڕوویی و هەڵبەزودابەز و دیان سیفەتی دیکەیەوە، مەلا غەفووری دەبباغی گوتەنی:"زگگورگی سەرمێ بە وا فەقیری؟ خۆ تۆ هەوێنە نە مەنجەڵ شیری!"، ئەو هەوێنی سەد مەنجەڵ شیریش بوو، لە هیچی لە هەنەکدرا و هیچ خەروبەرکی بە کورد نەبوو. سەرۆککۆمارە خواووکەی دوای ئەو، فوئاد مەعسووم، گەڕەی

لە هەولێرە دەگەڵا و سەرکەکەی ئێستاش، بەرهەم ساڵح، کە دەرسی شێیتان دەدات، بە کورد تەنە زمانەکی لووس و دووڕستی بەتاڵی پڕوێ. هیچ سەرکەکمارەکی کورد لە عیراقدا و لە سایەی وەها دەوڵەت و قانوونەک و سیستمەکی سیاسییدا، هەرگیز لەمانەی ناویان هات، باشتر نابن. کاتەک کورد دەتوانێت بەمانە بڵێت لالە (سەرکەکمار)، چاڵەکەی بۆ بگرن. ئەمانە نەک چاڵەکە بۆ کورد دەگرن، چاڵەکە بۆ کورد ناگرن و بەکە چاڵەکەکەی دەستی کوردیش بەردەدا دەکەن. ئەو هەموو ساڵانەی بەسەر چوون، گرنگترین پرسی کورد، خاک بوو و خاکە، کەرکووک و تەواوی دەڤەرە دابڕاوەکان، "قودس"ەکەی ئەو سێ سەرکەکمارە کوردانە، بە ماددەی سەدوچل و بە 16ی ئۆکتۆبەر و بە نابەرپرسیارییەی خۆیان، هەموویان دەداند و ئادەستی نێیارانی کوردستانیبوونی کەرکووکیان کرد.

عیراق، یەکەکە لەو دەوڵەتانەی بە دامەزرێنەری کەمکاری عەرەبیی دەژمەردرێن. لە 22 مارسی 1945دا و پێش دامەزراندنی نەکخراوی دەوڵەتانی یەکگرتوو(UN)، بە چەند مانگێک، حەفت دەوڵەتی عەرەبی سەربەخۆی خودان سەروەریی سیاسی: میسر، سووریا، شانشینی سعوودییەی عەرەبی، نەژهەڵاتی ئوردون، لبنان، عیراق و یەمەن، خە دەبنەوە و بەیاری دامەزراندنی چەترێک، بازنەیەک، یەکیەتییەک بە خەکردنەوەی دەوڵەتانی عەرەبی، گەلی عەرەب و خاکی جیهانی عەرەبی لەنێو و لەچوارچێوەی ئەو بازنەیەدا و لەژێر ئەو چەترەدا، دەدەن. عیراق، وەک شاکارەکی سایکس-پیکۆ و کۆنیالیزمی بریتانی، بە هەموو پێوەرێک و لەبەر ئەندامبوونیشی لەو کەمکارەدا، دەوڵەتێکی عەرەبییە و بەجگە لەوە شتێکی دیکە نییە.
لە وڵاتێکدا پێستی سەرکەکمار دەتوانێت بە بایەخەوە لەی بنەدرەت و کاریگەریی هەبێت و نوێنەرایەتی تەواوی دانیشتووانی وڵاتەکە بکات، جیاوازیی لەنێوان پێکهاتەکانی وڵاتەکەدا نەبێت و تەواوی تاکەکانی کۆمەڵ و خێڵکی وڵاتەکە وەک هاووڵاتیان سەیر بکرێن و هاووڵاتیەتی چ پێوەندێکی بە ڕەگەز، ڕەنگ، ئایین، نەتەوە، زمان، ئایینزا، ڕەچەڵەک و...نەبێت، بەکە تەنە لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون حیسابی بۆ بکرێت. وەک نموونە دەکرێ وڵاتانی لاتین ئەمریکا باس بکرێن.

لە وڵاتانی لاتین ئەمریکا، کە کیشوەرێکی بەرینە و پتر لە 650 میلیۆن مرۆڤ تێیاندا دەژین، لە ماوەی 40 ساڵکدا 11 سەرکەکمار، کە بە بنەچە و ڕەچەڵەک عەرەبن، فەرمانڕەوایییان کردووە. عەرەب، بە خۆیان دانیشتووانی ڕەسەنی لاتین ئەمریکا نین، بەکە وەک پێناوبەر

و کەچبەر لە ماوەی یەک سەدەدا و بەربەرە لەو کیشوەرە نیشتەجێ بووون. لە تەواوی لاتین ئەمریکادا نزیکەی 40 میلیۆن مرۆڤی بە ڕەچەڵەک عەرەب دەژین. 12 میلیۆن لەوانە لە برازیل و 1,2 میلیۆن لە ئەرجەنتین و ئەوانی دی لە وڵاتانی دیکەی ئەو کیشوەرەن. ڕێژەی عەرەب لە لاتین ئەمریکادا دەکاتە 6%ی تەواوی دانیشتووانی ئەو کیشوەرە. لە نەو زمانی سپانیۆلی و پەرتوگیزی، کە لە لاتین ئەمریکادا زمانی هەموو کیشوەرەکەن، 500 وشە و دەستەواژەی عەرەبی، تێکەڵ بەو دوو زمانە بووون و لە هەندێک لەو وڵاتانەدا بووون بە بەشێک لە زمانی ڕۆژانەی خەڵک.

ئەو سەرکەکەمارانەی، کە بە ڕەچەڵەک عەرەبن و لە لاتین ئەمریکا دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست ئەمانەن:
کارلۆس منعیم(Carlos Menem)، لەنێوان 1989-1998، سەرۆکی ئەرجەنتین بوو، لە دایک و باوکێکی سووریایی هاتووەتە دنیاوە.
ئەنتۆنیۆ سەقا(Antonio Saca)، سەرۆکی ئێلسەلڤادۆر، بە ڕەچەڵەک فلستینی بوو. سەرۆکێکی دیکەی ئێلسەلڤادۆر، نەجیب بووکیلە یا نایب بووکیلە(Nayib Armando Bukele Ortez)، لە باوکێکی فلستینی و دایکێکی ئێلسەلڤادۆری بوو. میشال تامر(Michel Temer)، سەرۆکی برازیل، بە ڕەچەڵەک لبنانییە. خولیۆ تیەدەرە سالیم(Julio Teodoro Salem)، عەبدەلا بووکەرەم(Abdalá Bucaram) و جەمیل مەهووز(Jamil Mahuad)، هەرسێیان بە ڕەچەڵەک لبنانین و سەرۆکی ئێکوادۆر بوون. خولیۆ سیزار تەربای یا خولیۆ سەمیر تەربای(Julio César Turbay)، لە باوک و دایکێکی لبنانی هاتووەتە دنیاوە، سەرۆکی کۆلۆمبیا بوو. سەلڤادۆر نەسرەلا(Salvador Nasralla) و کارلۆس ڕەبەرتە فلوورێس یا کارلۆس فەقووسە(Carlos Roberto Flores)، هەردووکیان دایک و باوکیان فلستینی بوون، سەرۆکی هەندوراس بوون. ماریۆ عەبدە بەنیتز(Mario Abdo Benítez)، سەرۆکی پاراگوای، لە دایک و باوکێکی لبنانییە. بەجگە لە سەرۆککۆمار، سەدان وەرزشکار، سینەماکار، میدیاکار، مامۆستای زانستگە، ئەدیب و شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەوان و شارەزای ئابووری و قانوون و دیان بەواری دیکە هەن، کە بە ڕەچەڵەک عەرەبن . نزیک هەر خەڵکێی بە ڕەچەڵەک عەرەب، بەڵکە خەڵکێی بە ڕەچەڵەک وڵاتی دیکەش بوون بە سەرۆککۆمار، نموونەش ئەلبەرتە فوجیمیرە(Alberto Fujimori)، سەرۆکی پێرو، کە لە باوک و دایکێکی ژاپۆنی هاتووەتە دنیاوە.
تەواوی ئەوانە بووون بە سەرۆکی دەوڵەت لە کیشوەری لاتین ئەمریکادا، نزیک بە ناوی عەرەب یا ژاپۆنی، بەڵکە بە ناوی ئەرجەنتینی، برازیلی، ئیلسەلڤادۆری، کۆلۆمبیایی، هەندوراسی،

پاراگوایی، پەرویی، ئەکوادۆری. ئەوان نوێنەری ئەو دەوڵەتانە و گەلانی ئەو دەوڵەتانە بوون، لە لوگۆی ئەوشدا، هێچێک و بنەچەی هەسەنی خەیانیان فەرامۆش نەدەکرد و ناکەن، کە عەرەبن. گەلە جار و لە کاتی پێویستدا هەوەستی سوودبەخشیان بە نەتەوە ئەسیایەکەی خەیان(عەرەب) و وڵاتانی عەرەبی نواندووە و گەیاندووە.

کورد، دانیشتووانی هەسەنی ئەو خاکەن، کە پەی دەگوترێ کوردستان و بەشەکی بە عیراقەوە لکێنراوە و هەژدەیشی لەنەو عیراقی ئێستادا لە هەژدەی ئەوانەی بە هەچێک عەرەبن لە لاتین ئەمریکا و ئێستا تواونەوە و بوون بە خەڵکی ئەو وڵاتانەی تێیاندا دەژین، گەلێک زیاترە. کورد 20-25%ی دانیشتووانی عیراق پێکدەهێنن. کورد، دەبوو خەی دوور گرتبا لەوەی سەرکی دەوڵەتکی عەرەبی بێت و بە ناوی عەرەبەوە قسان بکات. ملانێی پارتیی دیموکراتیی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر هەر پستێک لەنەو عیراقدا و بەتایبەتیش لەسەر پستی سەرککماری عیراق، دزەوترین ملانێیە. وەها ملانێیەک، سێنەوەی کوردە و سێنەوەی کوردستانە و چەسپاندن و جێگیکردنی حیزبە(یەکێتی یا پارتی یا…) لەبری کوردستان و کورد. لە دەر زمانەوە گوتراوە:"چەشتی پەکابان بەخوە یا سوەر"، بەو ملانێیە پارتیی و یەکێتیی، نەک چەشتی بەخوە یا سوەر دەرخواردی کوردستانییان دەدەن، بەکە زەقنەبووت و ژەهری هەلاهەلایان دەرخوارد دەدەن. وەدەستهێنانی پستێکی کارا، لە کەرکووک و دەڤەرە کوردستانییە دابەنراوەکان، کە بتوانێت وەک کورد، وەک کوردستانیی، نەک وەک یەکێتیی یا پارتیی، یەک میتر خاک، بیرەئاوەک، درەختێک بگەتوە ئامەزی کوردستان، عەرەبکی هەناردەی داگیرکاری کوردستان وەدەرنا، کوردکی هەاتووی کەرکووک و خورماتوو و مەندلی بگەتوە جێی خەیان، ناوە کوردیەکەی ئاوایەکی عەرەبنراو، خوەندگەیەک، شەقامەک، جگەئاوەک، دەەک، تەپەکەیەک بکاتوە کوردی، گەلێک لە پستی سەرککماریکی تەوزەلی تەە باشتر و بکەکترە. عەرەبی عیراق بە خەیان دەبوو پستی سەرککماریی عیراق نەدەن بە کورد و بە مەکی خەیانی بزانن. ئەو پستی سەرککمارە، کە عیراق دەوڵەتکی عەرەبی بێت، مافی عەرەبە و هەرگیز مافی کورد نیە.

17-12-2021

ئارشیفی لە بیرچوونەوە.. شەمامە بارەوانی

وەرە با
هەنسکەکان
بە سنووری فەنابوون
بسپێرین
و
شەقامی چاوەوانی
بە پیاسەی ئامێز
ئاوەدانکەینەوە

وەرە
با کەنەفاەی ماچ بگەین
و
هەموو بزەو وەریوەکانمان
کەبکەینەوە

وەرە
با شوشەی فیراق
بە بەردی ویسالە
هەپرون هەپرون کەین
و
ئەو نیشتمانەی مەراق
لەبەتاقەتی بەتاڵ کەینەوە

وەرە
با پاشماوەی
بیرەوەریەکان تەواوکەین
و
ژەڵەمەی دووری
بکوژێتەوە

وەرە

بەر لەوی
وەزری پیری
لەسەر درەختی تەمەنم
چرپەکات
و
مانیفێستی ئاواتەکانم بۆنیوە ناچێ
سەربنەتەوە

وەرە
با
خەمەکان دەمکوت کەین
و
شەپۆلی ئازارەکانمان
ببڕێتەوە

وەرە با
ماچی ئشتیها
لەترپکی تامەزرۆیی
داگیرسێنین
و
چرپەی ئەو هەموو
حەسرەتە کاڵبێتەوە

وەرە
با
دەسێی دابڕان دابخەین
و
تەرمی تەنیایی
لەئارشیفی لەبیرچوونەوە
بنەژین
و
چیتر
فرمێسک بە فیراق
نەڕژین

سێ شیعر لە شاعیری ئەمەریکایی (فێرتێسا لاتیفی)یەوە.. و: نەژاد عزیز سورمێ

• سەر لە بەیانی ئەمێ
یازدە جار پێش بەرچایی دەم تێکشکا

بەیانیی ئەمێ
پێشی بەرچایی
یازدە جار دەم تێکشکا
شەش جارانم پێشی فراڤینێ درووییەوە
یەکەمین جار : کە خاولییەکەت لە گەرماودا
لە تەنیشت خاولی من بوو .
دووەم جار : کە زانیم پێوستە جلەکانت دوور بخەمەوە
تا کە لە بەر خەم هەڵدەم و دەگەڕێمەوە نەتبینمەوە .
سێیەم : کە دایکم گێرانی دەچێ
وەك گوڵێکی لە بەر خەر کراوەدا دەردەکەوت
گریام
کە کچی ئەوم
بۆچی ئەوەندەم تاریکی خۆش دەوێ
من کچی ئەوم .
چوارەم : کە ئەو کۆە گەنجەی لە فڕۆکەخانەدا پێی گەیشتم
تەلەفۆنی بۆ کردم ،
وتی وەرە لە ڤییەننا بمبینە
قاوە لە فڕۆکەخانەدا دەخێنەوە و
دەبینە دوو غەریب تەواو لە یەکدی دەگەن
وەرە لە ڤییەننا بمبینە ..
پێنجەم : بۆچی هێشتا لە قەسیدەکانم دەردەکەوی ؟
شەشەم : بۆچی هێشتا لە خەونەکانم دەردەکەوی ؟
حەفتەم : بۆ تا ئێستا دەرنەکەوتی ؟
هەشتەم : کە خوشکم وتی :
ئایا دەزانی زانینی ئەوەی بەسەرت هاتووە

چەند بە ئێشە ؟
مەگەر نازانی چەند بە ئێشە ؟
نیەم : کە گوێم لە باوکم بوو
قاوەی دەهاتی
نەمدەزانی بەو ئادەیە غەریبی دەکەم
دەیەم : کە ئەو قەسیدەیەم خوێندەوە
دوێنی شەو بە مەستی نووسیبووم
تەواو ئاستگێ و
شەوازێك تژی ئاستی

- بەسە چیدی مەخێرەوە ، تێ هەمەنگوای نی بەسە خواردنەوە –
  یازدەم : زانینم بەوەی ئەم بەیانییە
  دێم پێش بەرچایی یازدە جاران تێکشکاوە .

- وەك بێی عاشق بین

هەردووکمان درێ دەکەین
بەرام ئەوە
لە بەتەنێ خەوتن باشترە
ڕقم لە پانکەکەتە
کە بە درێژایی شەوێ دەخوولێتەوە
هەستی قەسرینم لا دروست دەکا
بەرام من نایێم
چوون کە قسە دەکەم
گوێت لێم نییە
گوێت لێم نییە ، یا ناتەوێ گوێت لێم بێ
گرینگ نییە
لە هەر دوو باران
بە ئێشی گەروم
بێدار دەبمەوە ..
وا پێشان دەدەم خەوم دێ
مەسەلەکە هەروایی دەردەکەوێ
کە نزیك دەبمەوە لەوەی
دەستت بگرم
برادەرەکانم
بە نووستنم لەسەر تەختی تێ
شەژاون
لە کاتێکا ئێمە یەکدی ماچ ناکەین

چەند فلیمێك دەبینین ڕقم لێیانە
دەنووین و پشتمان تێك کردووە
خۆ لێك ناسووین
کە دەشتوانین
بەیانی ،
بە وردی ژووورەکەت دەپشکنی
دنیا بی هیچ شوێنەوارێکی
پەیوەندییەی خواروخێچەکەمانم جێ نەهێشتووە
شەرم لە وایەری بارگاوی کردنی تەلەفۆنەکەم دەکەیەوە
بە دیوارەکەتەوەیە
دایکت وا پێشان دەدا
ئۆتۆمبیلەکەمی لە ڕاەوەکەدا نەبینیوە .

هەموو شەوێ
لە تەنیشت یەکدی هەناسە دەدەین
وەك بڕێی ئەمە مانایەك ببەخشێ .

• خەمێکی چییە ؟

پاکەتی جگەرە هەڵگرتن
بۆ ئەوەی بیکێشی
پێشینی جلوبەرگی بە سۆ ژماران گەورەتر
دابەزاندنی دوانزە کیلۆ لە کێش
لە هەمووی گاڵتەجاڕتر دایکم دەترسێنم
کۆینی پلیتی فڕۆکە
بایی هەرچی هەمە
گریان لە بەشی خواردنەوە گازییەکانی
دووکانی بەقاڵەکان
پلان دانان بۆ زەر شت
پاشان پەشیمان بوونەوە ..
پێنج سەعاتان نووستن لە نێوەڕۆدا
دادانەوەی پەردەی پەنجەران
لەبیر کردنی بەکارهێنانی دژەڕۆژ
نامە بە کۆمپیوتەر ناردن بۆ مامۆستاکان
لە بارەی دوا کەوتن
ئۆتۆمبیل لێخوێین تا بناری شاخ
بۆ ئەوەی سەر بکەوی
زەر قاوە خواردنەوە

خەو بردنەوە ، پیاڵەی خواردنەوەش بە تەنیشت جێخەوەوە
چەندین هەفتە هەمان فانیلە
پاشان لە ناکاو دانەیەکی نوێ .

فێرتێسا لاتیفی
() ئێستا ئەندامێکی ئەنجومەنی ئەدەبی ئەدەبی ئەدەب

بۆنی خوێنیان لێدەهات

هەوڵێک خێنجەری بناژەخواز
سیخناخ بوون
لەجەهل و تاریکی
پڕ بوون لە نەفرەت

بە لێدەرگادان
و
بە هێستێک قەفەز
و
باوەشێک شەریعەت

بە فرسەخێک تقوسی سەحراو
قاپێک خوێنووزی خوەافە

بەکەمەڵێک ئایدیای هەق
و
ستەڵێک فەتوای هەق

خەیان کرد بە ژووردا و
گوتیان
ئەمە پاسەوانەکانی دەرگای دۆزەخین
و
لەو دیوی سردابی مەژوو و
حاشیەکانی جەهالەتەوە هاتووین

هەگمان دەچێتەوە سەر زەراب
و
مەڵێتی ئاسمانمان پێیە

بەڵێ
ئەوان لە بەردەم بەدەنگی هەمواندا
پێلاماری گەمەزی شەرفەدینیان داو
کچێنی شنگالیان نەزیف کرد

بەرائەتی جیلۆیان
بە چەقۆی ئێنفال سەربڕی
و

مەسحەفی ڕەشیان
خەڵتانی سورەتی کفرکرد

نەمزانی کە بوون
بەهام
گوتیان ئەمە سەر بەخەڵی بەردو
پاشماوەی فتوحاتین

ئەمە نەوەی نەفرەت و
لەنەسەبی قانونی ڕەجمین

بەڵێ ئەوان
هەمان ئەو ڕەوە خەنجەر بوون
کە شەهرەبانویان کرد بەکەنیزەو
لەگەڵ فرمێسکەکانی یەزدەکورد
ناردیانن بۆ سنوری تەعریب

هەمان
ئەو چەقەیانەبوون
کە بەر لە هەزارو چوارسەت ساڵ

ئاگری ئاتەشگای ئەشیان کوژاندەوە
و
بەرماڵی نزای زەردەشتیان شەهیدکرد

هەمان ئەو شمشێرە ئادیکاڵانەبوون
کە پەنجەرەی میحرابی متیرایان
بە لمی بیابان سواق
و
کراسی بووکێنی گوڵاڵیان دڕاند

هەمان
ئەو خەنجەرە ئوسوڵیانەبوون
کە گاتاکانی ئاڤستایان پەکرد
لە ئیقاعی زندیکبوون و
شادەماری مەچەکی یەسناکانیان بڕی

کەمەک تاریکی
چاوکانیان

هەشتا جەگەرەی خوێنی
هەفتاو چوارفەرمانی ئەزدیخانی
لەدەچوا

هەشتا
بانی دەهریبووونی ئاهرامەزدا
و
فوغانی دایکە ئەنفالکراوەکانیان لەدەهات

هەشتا
بانی حەرامسەرای کەنیزەکان و
تووڕەیی فەرمودەکانی فتوحاتیان لەدەهات

هەنراوەیەک بۆ منداڵان بۆ ڕۆژی ئاسمانی کوردستان.. عەلی حەمدی پشید

ڕۆژی ئاسمانی
منداڵەکی بچکۆلانەی و
وریام بینی زەر زرنگ بوو
کۆڵەی ئاسمانێکی بچووکی
کوردستانی لەسەر سنگ بوو
بەهەمنی ڕەنگەکانی دەبی
پۆشاکی کوردی پۆشیبوو
لەوبەختەندە و سەرنج ڕاکێش
دیار بوو دڵی پڕ خۆشیبوو
بانگم کرد و پێم وت چییە؟
ئاوا خۆشیت لێ دەدایە
پێکەنی وتی نازانی
کۆڵەی ئەمڕۆ ڕۆژی ئاسمانە
...
عەلی حەمدی پشید

١٧/١٢/٢٠١٩